دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٤١، یەکشەممە، ٢ی سەرماوەزی ١٣٩٣، ٢٣ی نوامبری ٢٠١٤، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی د. کەماڵ فواد

بە بیستنی خەبەری کۆچی دوایی دوکتور کەماڵ فواد، تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ڕزگاریی کورد و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، سەرەخۆشی لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەین و خۆمان لە خەمی لە دەستچوونی ئەو کەسایەتییە خەباتکار و زانایەدا بە هاوبەش دەزانین. مەرحوومی دوکتور کەماڵ بێجگە لە خەباتی سیاسیی، تێکۆشەرێکی ناسراوی بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی گەلی کوردیش بوو و لەو پێوەندییەدا خزمەتی زۆری بە کورد کرد، لە هەمانکاتدا ئەو بەڕێزە یەکێك لە دۆستانی بە وەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا زمانی خێری ئەو حیزبە بوو.

ڕۆحی شاد
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسیی



پرسی کورد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا

٤



پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

٥



کۆماری ئیسلامی و هێرشی میدیای بۆ سەر تورکیە

٨



دەباغ، نوێنەری هەرێمی کوردستان یان سپای قودسی پاسداران؟

١٠



# وتووێژەکان لە بنبەستدا بەردەوامە

لە کاتێکدا بەرپرسە ئێرانییەکان لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا جەختیان کردووەتەوە کە ئەندامانی ٥+١ بیرۆکەیەکی نوێیان بۆ وتوێژە ناوکییەکان نەخستووەتە ڕوو، هەواڵنێریی ڕۆیتێرز لە زاری سەچاوەگەلێك دەڵێت: دیپلۆماتە باڵاکانی ئەمریکا و ئێران لە ڤییەن، بیرۆکەیەکی نوێیان پێیە تا لە ئەگەری ڕێککەوتن پێشکەشی پێتەختەکانی خۆیانی بکەن.

لە لایەکی دیکەوە دیپلۆماتەکان هەروەها جەختیان کردووەتەوە کە «لێك تێنەگەیشتنێکی جیددی» لە نێوان لایەنەکان بوونی هەیە. بەرپرسێکی باڵای ئامریکایی کە ناوی ئاشکرا نەبووە، بە هەواڵنێریی ڕۆیتێرزی وتووە کە «ناکۆکییەکان هەروا بەردەوامن».

ڕۆیتێرز لە زاری دیپلۆماتێکی باڵای ڕۆژئاواییەوە وتوویەتی کە ناوبراو گەشبین نییە بە ڕێککەوتنێکی گشتی تا ڕۆژی دووشەممە سێی سەرماوەز.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە هێندێك سەرچاوەی هەواڵ کە نەیان ویستووە ناوەکانیان ئاشکرا بکرێ، وتوویانە کە دیپلۆماتە ئێرانی و ئامریکاییەکان سەرقاڵی ئامادەکردنی پێشنیارێکن کە دەتوانن بۆ باسکردنی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. نێوەڕۆکی ئەم پێشنیارانە ڕوون نییە. بەرپرسێکی ئامریکایی بە ڕۆیتێرزی وتووە کە باسەکان درێژەیان هەیە.

هەر لەم کاتەدا شۆرای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئامریکا بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێك وتوویەتی لە ڕێککەوتنی گشتی ناوکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا پشکنینە لەناکاوەکان لە دامەزراوە ناوکییەکاندا دەبێ لە بەرچاو بگیردرێ.

شۆرای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئامریکا بە ڕوونی وتوویەتی کە دەبێ سایتەکانی فۆردۆ و نەتەنز پشکنین ورد و لەناکاویان بۆ بکرێ. کەسەکان و کەرەستە و هەر شتێك کە پێوەندی بە پیشەی ناوکی ڕێژیمی ئێرانەوەیە دەبێ چاوەدێری بکرێت.

شۆرای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئامریکا بە بەرپرسایەتی «ڕیچارد هاس» لەم ڕاپۆرتەدا دەڵێت کە ڕێژیمی ئێران بە شوێن چەکی ناوکییەوەیە و گەلاڵەی هەنگاوی هاوبەش لە ژێنێڤ چاوەدێری نەکردووە بە سەر هەموو لایەنەکانی چالاکییە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

شۆرای پێوەندییەکانی دەرەوە لە ڕاپۆرتی خۆیدا وتوویەتی کە لیبی و ئافریقای باشوور بە قەبووڵکردنی هاوکاری لەگەڵ ئاژانس و ئاشکراکردنی چالاکییە ناوکییەکانیان، وازیان لە بەرنامەی چەکی ناوکی هێنا، بەڵام ڕێژیمی ئێران هاوشێوەی عێراقە و دەبێ چاوەدێری تەواوی لە سەر بکرێ.

## بڕیارنامەی مافی مرۆڤ لە مەجلیسی سەنای ئامریکا

مەجلیسی سەنای ئامریکا بە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەك، پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی مەحکووم کرد. ئەم بڕیارنامە لە سەروبەندی وتووێژە ناوکییەکان پەسەند کراوە.

ئێد ڕوبێس، بەرپرسی کومیتەی کاروباری دەرەوەی مەجلیسی سەنا لەمەڕ ئەم بڕیارنامەیە وتی: پێویستە ئێمە هەموومان، بەو شێوەی کە مەجلیسی سەنا ئەنجامی دەدا، ببین بە پشت و پەنای خەڵکانێك کە لە ژێر ئەم حکوومەتە دینیەدا ژیان دەکەن و ئازاری دەسەڵات دەچێشن.

ڕۆژی سێشەممەی حەوتووی ڕابردوویش کومیتەی مافی مرۆڤی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسەند کردنی بڕیارنامەی پێشنیارکراوی کانادا، پێشێل کرانی بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە ئێرانی مەحکووم کرد، ئەم بڕیارنامەیە بە ٧٨ دەنگ دەنگی ئەرێ لە بەرامبەر ٣٥ دەنگی نا بە پەسەند گەیشت.

هەر لەم حاڵەدا، زیاد لە ٤٠ سیناتۆری ئامریکایی نامەیەکیان لەهەمبەر وتوێژە ناوکییەکان بۆ ئۆباما نارد. ڕۆژنامەی وال ئێستریت ژورناڵ کە بەڵگەیەك لەم نامەیەی دەست کەوتووە، ڕایگەیاندووە کە سیناتۆرەکان خوازیاری هاتنە بەرباسی بەرنامەی مووشەکی ڕێژیمی ئێران لە وتوێژە ناوەکییەکاندان. لە نامەکەی ئەم ٤٣ سیناتۆرە ئەمریکاییەدا بۆ ئۆباما هاتووە: ئێمە لە مانگەکانی داهاتوودا هەوڵ بۆ سەپاندنی گوشاری زیاتر بۆ سەر ڕێژیمی ئێران درێژە دەدەین.



## بڕیارنامەی یەکییەتی نێودەوڵەتیی موخابرات لەهەمبەر پاڕازیتە ماهوارەییەکان

یەکییەتی نێودەوڵەتیی موخابرات داوای لە دەوڵەتەکان کردووە کە ئیستاندارد و بەربەستە دیاریکراوەکان لە بڵاوبوونەوەی شەپۆلی ڕادیۆیی کە بۆ پاراستنی تەندروستی خەڵك دیارکراوە، لە بەرچاو بگرن. ئەم بەربەستانە پارازیتی ماهوارەیش لە خۆ دەگرێ.

یەکییەتی نێودەوڵەتیی موخابرات (ITU)، یەکێك لە کۆنترین ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بەستراوە بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

ئەم بڕیارنامەیە داوا لە دەوڵەتەکان دەکا بەربەستە فەننی و ئەو ئیستانداردانەی کە بۆ بڵاوبوونەوەی شەپۆلە ئیلکترۆمێگناتیسییەکان لەسەر تەندروستی خەڵك پەسەند کراوە لە بەرچاو بگرن.

بە پێی ڕاپۆرتی «کەمپینی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە ئێران» ئەم بڕیارنامەیە لەو ڕووەوە بایەخی هەیە کە لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا بابەتی ناردنی پاڕازیت لە سەر شەبەکە ماهوارەییەکان و ڕۆڵی لە خستنە مەترسی تەندروستی هاووڵاتیان، ببووە جێی سەرەنجی ڕاگەیەنەکان و بەرپرسە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکان لە ئێراندا.

دامەزراوە حکوومەتییەکان لە ئێراندا ساڵانێکە کە بەرەو تەلەویزیۆنە ماهوارەییەکان کە لە دەرەوە بەرنامە بڵاو دەکەنەوە پاڕازیت دەنێرن تاکوو ببنە بەربەست لە ڕێگەی دەسپێڕاگەیشتنی خەڵك بەم بەرنامانە. ئەم پاڕازیتانە پاش هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ساڵی ١٣٨٨ و دروستبوونی نارەزایەتییە بەربڵاوەکان توندتر بووەتەوە.

## پەیڤ

### ناهید حسێنی

کاتی دیاریکراو بۆ بە ئەنجام گەیشتنی زنجیرە وتووێژەکانی ڕێککەوتنی ٥+١ لەگەڵ ئیران سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم، نزیك دەبێتەوە و بە وتەی لایەنەکان جارێ مەودایەکی زۆریان لە نێواندا ماوە. هەر چەند لایەنەکان پەلەیانە کە لە کاتی دیاریکراو بە ئەنجامێك بگەن، بەڵام باسی ئەگەری درێژکردنەوەی ماوەی وتوێژەکانیش لە گۆڕێدایە.

سەرەڕای چڕبوونی وتووێژەکان، هیچ نیشانەیەك لە ئەگەری پاشەکشەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پڕۆژەی ناوکی یا تەنانەت تێڕوانینیشی لەهەمبەر مافی ئەو بۆ بە هێزکردنی شیانی ئەتۆمی خۆی نابیندرێ. لایەنی بەرامبەریش وا نانوێنێ کە ئامادە بێ ئیمتیازێکی دیار بە کۆماری ئیسلامی بدا و بەرنامە ئەتومیەکەی کۆماری ئیسلامی وەك ئەوەی کە ڕێژیم پلانی بۆ داڕشتوە قبووڵ بکا. وتەکانی سەرشاندی ئامریکا بۆ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کە وتی «ئامریکا لە ڕادەی هاوکاریی ئێران لەگەڵ ئاژانس بێ هیوایە» و هەڵوێستی خودی ئاژانسیش کە ڕایگەیاندوە «سەرەڕای بەڵێنیی ئێران بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی پڕۆژە ئەتۆمیەکەی، جارێ لایەنی ناڕوون و شاردراوەی ئەو بەرنامەیە زۆرن»، قووڵایی ئەو ناکۆکییانە نیشان دەدەن.

بەڵام زەریف و کاترین ئەشتوون و جان کێری دووبارە لە ڤییەن کۆبوونەتەوە و هەمووشیان دەڵێن کە بڕیارە سەختەکان لە کاتە ئاستەمەکان و لە کۆتایی ماوەی دیاریکراودا دەدەن. گەلۆ ئەو بڕیارە سەختانە چن و چ کاریگەرییەکیان لە سەر داهاتووی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و پاشەڕۆژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ؟

ئێستا ئامریکا و وڵاتانی ٥+١ بۆ بەربەرکانێ کردن لەگەڵ داعش، سەرکەوتن بە سەر لایەنە توندڕەوەکانی سەر بە ئەلقاعیدە و هتد، ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێویستیان بە ڕاگریی باڵانس هەبێ و بیانەوێ، ئەگەر بە شێوەی کاتییش بێ، ئێران بۆ ئەو مەبەستە بە کار بێنن و لەو ڕوانگەیەشەوە ئیمتیازێك بە ئێران بدەن. بەڵام مەبەستی ئێران، تەنیا ڕاگرتنی بالانس نییە و دەیەوێ ئەو پێویستیەی ئامریکا لە قۆناخی یەکەمدا بۆ سەردەست کردنی خۆی لە ناوچەدا و پاشانیش بە دژی خودی ئامریکا بەکار بێنێ.

ڕەنگە سیاسەتێکی توندی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر ئێراندا، پێش بە زێدەڕۆیی ئاشکرای ئێران لە سیاسەتی ناوچەدا بگرێ، بەڵام تا ئەو ڕێژیمە لە سەر کار بێ، مۆتەکەی شەڕ و هەڕەشەی شڵتاخی و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەم نابێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە بێ چەکی ئەتومیش گەورەترین مەترسییە بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان، دێموکراسی و پێوانەکانی مافی مرۆڤ. ئەگەر بێ و لە ڕەوتی وتووێژەکانی ئەتۆمیدا، ئێران ئیمتیازێك وەربگرێ کە ڕێگای پێ بدا تێکنۆلۆژیی ئەتومی خۆی ڕابگرێ، ئەو دەم ئامریکا و هاوپەیمانەکانی تووشی هەڵەیەکی ستراتێژیك دەبن کە ڕەنگە دەستکەوتی کاتیی لە قەرەبووکردنەوەی زیانی داهاتووی زۆر کەمتر بێ.

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز «مستەفا هیجری» بە بۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە

پیرۆزبایی لە هەموو خۆشك و براکانمان دەکەین کە پەیڕەوی ئایینی یارین و لەم ڕۆژەدا ڕێوڕەسمی تایبەتی بەڕێوە دەبەن. لە ئێرانی ئەمڕۆدا بێجگە لە ئایینی فەرمی کە ئیسلامیی شیعەی ولایەت فەقیهییە، پەیڕەوانی باقی ئایینەکان پەراوێز خراون و بێ حورمەتییان پێ دەکرێ، لەم پێوەندییەدا پەیڕەوانی ئایینی یاری، زۆرتر لەوانی دیکەش کەوتوونەتە ژێر زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی . ئامانجی ئێمە دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیك لە ئێراندایە کە لە سەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت بنیات کرا بێ، بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت لە کوردستاندا، هەڵگری بیری هەر ئایینێك و نەتەوەیەك بن، بێ جیاوازی دانان لەگەڵ یەك بژین و هەموو ئەو بیرو باوەڕانە بە حورمەتەوە سەیر بکرێن. دڵنیاین بە خەباتێکی یەکگرتوو، ئەو ئامانجە دوورە دەست نییە.

بە هیوای ئەو ڕۆژە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتیی
مستەفا هیجری

## پارتی دێموکراتی کوردستانی باکوور سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد



ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی پارتی دێموکراتی کوردستانی باکوور بە سەرپەرەستی «سەرتاج بوجاك» سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لەم سەردانەدا «سەرتاج بوجاك» باسێکی لە سەر پرسی کورد لە باکوور و ڕەوتی وتووێژی نێوان عەبدوڵڵا ئوجەلان و دەوڵەتی تورکیە و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای ئەم پرۆسەیە و سیاسەتی تێکدەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پەکخستنی ئەم ڕەوتە پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ڕەوتی گەیشتن بە ئاشتی، دێموکراسی، مافە سیاسیی و نەتەوەیییەکانی کورد لە باکوور، پێویستی بە بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی واقیعبینانە هەیە و هاوکاری و بەشداری هەموو هێزە سیاسییەکانی باکوور مەرجی سەرەکیی بە ئامانج گەیشتنە. پاشان مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم سەردانە دەربڕی و لە سەر باس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پرسی کورد بە گشتیی قسەی کرد و وتی ئەو ڕوانینەی ئێوە جێگای ڕێزە و ئەوە سیاسەتێکی دروست و نەتەوەییە و ئێمە ڕێزی لێ دەگرێن، هەر وەك بۆ خۆتان باستان کرد، بە ئامانج گەیشتنی کورد لە هەر کام لە پارچەکاندا، تەنیا بە ڕێگەی یەکیەتی و یەکڕیزی دەبێ و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا ئەو سیاسەتە پێویستە لە ئاستێکدا هەبێ کە بزووتنەوەی مافخوازی کورد لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکانەوە یارمەتی و هاوکاری بکرێن. بەڕێز مستەفا هیجری لە درێژەی باسەکەی ئاماژەی بە سیاسەتی تێرۆریستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و دژایەتی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جووڵانەوەی مافخوازی گەلی کورد و پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە لایەن ئەم ڕێژیمە تیرۆریستییەوە کرد و وتی: ڕێبەران و لایەنە سیاسییەکانی کورد نابێ ئەم سیاسەتەی ڕێژیمی ئێران بە کەم بگرن و چەند نموونەی لە سیاسەتی دەستێوەردان و تێکدەرانەی ئەم ڕێژیمەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان ئاماژە پێکرد. پاش باسەکەی «مستەفا هیجری»، سەرتاج ئوتاش سپاسی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کرد و وتی کە بۆ هاوکاری و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەی هاوکارین، ئەو حیزبە مێژوویەکی پرشنگداری لە خەباتی گەلی کورد تۆمار کردووە و هاوخەباتی لەگەڵتان بۆ ئێمە جێگای سەربەرزییە.

## شاندی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕێکەوتی ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لە شاندی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە پێشوازیی کرد. مەسعوود تەك، سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە، ئامانجی ئەو چاوپێکەوتنەی باس کردن لەسەر ئاکامی کۆنگرەی حیزبی ماف و ئازادی، خستنەڕووی ڕوانگەی حیزبی سوسیالیست سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە مەڕ پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان، دۆخی هەنووکەیی نەتەوەی کورد، پرۆسەی ئاشتی لە نێوان پ.ك.ك و دەوڵەتی تورکیە و کاریگەری هێرشی گرووپی تیرۆریستی داعش لە سەر بزووتنەوەی کوردستان ناو برد. مەسعوود تەك وتی: ئێمە لەو باوەڕەداین کە لەم بارودۆخە هەستیارەدا، یەکیەتی و هەڵویستی هاوبەشی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە و حیزبی ماف و ئازادی لە پێناو دەستەبەر کردنی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە تورکیە پێویستییەکی مێژووییە. سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە لە درێژەی قسەکانیدا، هەڵویست و تێڕوانینەکانی حیزبی دێموکراتی لەمەڕ کوردستانی تورکیە و هەروەها بەشداریی شاندی ئەو حیزبە لە کونگرەی حیزبی ماف و ئازادی بەرز نرخاند و پەیام و پێشنیارەکانی حیزبی دێموکراتی بە گرینگ لە قەڵەمدا. بە ڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەم چاوپێکەوتنەدا، سپاسی قسە و باسەکانی مەسعوود تەك، هەستی بەرپرسایەتیی ئەو سەبارەت بە پرسە نەتەوەییەکان و هەروەها خوێندنەوەی لە هەڵویست و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و لەسەر درێژەی پەیوەندیی دۆستانەی هەر دوو حیزب جەختی کردەوە و هیوای سەرکەتنی بۆ حیزبی ماف و ئازادی لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەیان بە ئاوات خواست.

## زیندانییەکی سیاسی کورد دوای تێپەڕ کردنی ١٨ ساڵ زیندان بە دانانی بارمتە مورەخەسیی وەرگرت

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا، عومەر ئیمامی، کوڕی حوسێن و خەڵکی گوندی «کڵاش هوش»ی سەر بە جوانرۆ کە لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوییەوە دەستبەسەر و لە لایەن دادگای شۆڕشی ڕێژیمەوە زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕدرابووەوە، بۆ یەکەم جار مافی مورەخەسیی پێدرا. عومەر ئیمامی دوای تێپەڕ کردنی ١٨ ساڵ زیندان، پاش یەك مانگ لە گیان لە دەست دانی براکەی بۆ یەکەم جار بە دانانی بارمتەی ٢٥٠ ملیۆن تمەنی بۆ ماوەی یەك حەوتوو مورەخەسیی پێدراوە. عومەر ئیمامی بە تۆمەتی ئەندام بوون لە یەکێك لە حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕاوەتەوە و لەگەڵ سێ زیندانی سیاسی دیکە بە ناوەکانی محەممەد موڕادی، والی درودی و عەلی ساڵحی لە زیندانی ناوەندیی یەزد ڕاگیراون و هەتا ئێستا مافی مورەخەسییان پێنەدرابوو.

## بەشداری نوێنەری حیزبی دێموکرات لە سێمیناری «ڕۆڵی ئێران لە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»

ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوتریش، لە سێمینارێك کە بۆ بارودۆخی ئێستای ئێران، قەیرانی سیاسی لە عێراق و سووریە و ڕۆڵی ئێران لەو قەیرانانە تەرخان کرا بوو، بەشداریی کرد. نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم دانیشتنەدا کە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی ڤییەن و ڕێکخراوی «Stop The Bomb» ڕێکخرابوو، وتارێکی پێشکەش کرد. نوێنەری حیزب لە نێوەڕۆکی وتارەکەیدا وێڕای باسێکی کورت سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش لە سووریە و پەل هاویشتنی بۆ کوردستانی عێراق و سووریە، لە بارەی ڕۆڵی وڵاتانی ناوچەکە لەم پەیوەندیەدا بە وردی باسی کرد.

لە کۆتاییدا چەندین پرسیار ئاراستەی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا کە بە وردی وەڵامی دایەوە. لەم دانیشتنەدا کە لە لایەن سەرنووسەری ڕۆژنامەی «دی پرێس»ی ئوتریشەوە بەڕێوەچوو، جگە لە هیوا بەهرامی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبا فەرزان، ڕۆژنامەنووسی ئاڵمانی – ئێرانی و دوکتور ستێفان گرێگات مامۆستای زانستی سیاسی زانکۆی ڤییەن وتاریان پێشکەش کرد.

## چاوپێکەوتنی شاندی کۆمەڵەی حیزبە کوردستانییەکان لە پارلمانی بریتانیا

ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی کۆمەڵەی حیزبە کوردستانییەکان لە پارلمانی بریتانیا لە گەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسی کۆبوونەوەیەکیان پێكهێنا. شاندی کۆمەڵەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە سلێمان مورادیان، بەرپرسی کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی تێدا بەشداربوو، لە ماوەی ئەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ «توم براك» لە حیزبی لیبەراڵ دێموکرات و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارلمان دانیشتنیان هەبووە. لەم چاوپێکەوتنەدا، لە سەر هێرشەکانی گرووپی تێرۆریستی داعش بۆ سەر کوردستان، یارمەتیی نیزامی و مرۆیی وڵاتانی ئوروپایی و بە تایبەت بریتانیا بۆ کوردستان، پێشلکاریی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە و نالەبارتر بوونی دۆخی مافی مرۆڤ پاش هاتنە سەر کاری حەسەن ڕووحانی، باس و ڕاگۆڕینەوە کرا. لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا «توم براك» خۆڕاگریی نەتەوەی کوردی لە شەڕی درێژخایەنی گرووپی تیرۆریستی داعش بەرز نرخاند و پشتیوانی هەمووڵایەنەی خۆی لە نەتەوەی کورد ڕاگەیاند.

## کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان بۆ پشتیوانی لە کوردستانی سووریە

ڕێکەوتی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٥ی نوامبری ٢٠١٤ی زایینی) نوێنەرانی زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز محەممەد ساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر، لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی ئێستای کوردستان و بە تایبەت کوردستانی سووریە باس و ڕاگۆڕینەوەی کرد. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە. لە بەشێك لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە: «ئێمە وەکوو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، جارێکی دیکە خەبات و بەرخودانی پێشمەرگە و شەڕڤانان لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەرز دەنرخێنین و شەڕی هێزە هاوپەیمانەکان لە دژی داعش بە گرینگ دەزانین». هەروەها لە ڕاگەیەندروی حیزب و لایەن سیاسییەکانی بەشداربوو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەسندکردنی لە لایەن پارلمانی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بەرز نرخێندرا. هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاگەیەندراوەدا «هەوڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکەوتنی دهۆك لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی سووریە بە هەنگاوێکی گرینگ وەسف کراوە و داوا لە تەڤگەری جڤاکی دیموکرات (TEV-DEM) و ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە (ENKS) دەکرێ کە بەجیدی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی دهۆك کار بکەن».

## کرانەوەی سمیناری تەشکیلاتیی یەکیەتیی لاوان بە بەشداری «مستەفا هیجری»، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات

ڕێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، کرانەوەی سمیناری تەشکیلاتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی و ڕێکخستنەوەی سیستمی تەشکیلاتی ڕێکخراوەیی، بە ئامادەبوونی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی و بەرپرسی ناوەندیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و فواد خاکی بەیگی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان، لە بنکەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان بەڕیوەچوو. ئەو سمینارە پاش هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی یەکیەتیی لاوان، لە بوارە جوراوجورەکانی کار و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەیەدا لە چەندین پانێلدا، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد



ڕێکەوتی ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی ئەو حیزبە بە سەرپەرەستیی بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازیان لێ کرا. لەو چاوپێکەوتنەدا بەڕێزان مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە دۆخی ئێستای کوردستان وتوویژیان کرد.

بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێرشی داعش بۆ سەر هەندێك لە بەشەکانی عێراق و سووریە و دەرئەنجامەکانی، پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، دۆخی ئیستای نەتەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی نیودەوڵەتی دا و پرسی ناوکیی ڕێژیمی ئێران و دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێستا لە ڤییەن، کۆمەڵێك باس و بابەتی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنە بوون کە قسە و باسیان لە سەر کرا. لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنەدا بە شێوەی تێروتەسەل دۆخی ئێستای کوردستانی ئێران، وتوویژی لە سەر کرا. لەو بەشەدا دۆخی خەباتی نەتەوەی کورد، حیزب و لایەنەکانی کوردستانی ئێران و نێوەرۆکی ئەو هەوڵانەی کە لە ڕێگای هەندێك کەس و لایەن بە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و پێداهەڵگوتنی ڕێژیمی ئیسلامی ئەنجام دەدریت، خرایە بەر باس. باس و ڕا گۆڕینەوە و پێشنیاری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بە هیزکردنی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و تاوتوێکردنی ئەرکی حیزبە کوردیەکان لە دۆخی هەنووکەیی لە تەوەرەکانی دیکەی ئەم دانیشتنە بوون. لە کۆتایی ئەو چاوپیکەوتنەدا دوو لایەن لە سەر پێوەندی زیاتر بۆ کاری هاوبەش جەختیان کردەوە.

## سێ هاووڵاتیی کورد سەرجەم بە٤٤ ساڵ زیندانی تەعزیری حوکم دران

کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی ڕایگەیاند، دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای کرماشان، سەپاندنی حوکمی ٤٤ ساڵ زیندانی تەعزیریی سێ هاووڵاتیی کوردی پیرەوی ئایینی یارسان بە ناوەکانی، موحسێن خودابەندەلو خەڵکی سەحنە، کیانوش ڕوستەمی و نێعمەت فەتحی خەڵکی کرماشان، پشتڕاست کردەوە. لقی پازدەی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای کرماشان، حوکمی ئەو سێ هاووڵاتییە کوردەی پشتڕاست کردوە کە لە سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، لقی یەکی دادگای شۆڕشی ڕێژیم لە کرماشان، هەر یەک لە «کیانوش ڕوستەمی و موحسێن خودابەندەلو»ی بە تۆمەتی «بانگەشەی دژی نیزام و هاوکاری لە گەڵ یەکێك لە حیزبە کوردیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم» بە ١٥ ساڵ زیندان و جیا لەوەیش ئەو دوو کەسە بە تۆمەتی «بێحورمەتی بە ڕێبەری ڕێژیمی ئێران» بە ٢ ساڵ زیندان و نێعمەت فەتحی بە تۆمەتی «بانگەشەی دژی نیزام و هاوکاری لە گەڵ یەکێك لە حیزبە سیاسییەکان» بە ١٠ ساڵ زیندانی حوکم درابوون، پشتڕاست کردەوە. هەنووکە ئەم سێ زیندانییە سیاسییە لە زیندانی «دیزڵ ئاباد»ی کرماشان حوکمەکەیان تێپەڕ دەکەن.

## لە سەردەشت هێزەکانی ڕێژیمی ئێران زیاتر لە ٣٠ ماشێنی هاووڵاتییانی کوردیان ئاگر تێبەردا

ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، زیاتر لە ٣٠ ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییانی کورد لە گوندی «شێوەمیر» سەر بە ناوچەی «میراوا»ی سەردەشت لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێران ئاگر تێبەردران. بە وتەی یەکێك لە دانیشتوانی ناوچەی میراوێ ئەو ئۆتۆمبێلانە تەنیا ڕێگای داهاتی ٣٠ بنەماڵەی کوردی ئەو ناوچەیە بوونە. خەڵکی گوندی «شێوەمیر» سەبارەت بە ئاگر تێبەردانی ئۆتۆمبێلەکانیان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە نارەزایەتییان دەربڕیوە و جاددەی سەرەکیی سەردەشت ـ پیرانشاریان بەستووە و ئەوەش بووەتە هۆی تێکهەڵچوونی نێوان هیزەکانی ڕێژیم و هاووڵاتییانی کورد.

## سێ خوێندکاری کورد لە کرماشان دەستبەسەر کران

کۆمیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ بڵاو کردەوە، دوو چالاکی خوێندکاری زانکۆی ڕازی کرماشان «وەحید فروودی و جهانگیر سەلیمی» لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون. هاوکات لەگەڵ دەستبەسەر کردنی ئەو دوو خوێندکارە، خوێندکارێکی دیکە زانکۆی ڕازی کرماشان بە ناوی سوبحان ڕەحیمی لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە دراوەتە بەر لێدان و دواتر دەستبەسەر کراوە.

## هاووڵاتییەکی کورد ٦ ساڵ زیندانی تەعزیریی بۆ بڕایەوە

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی کوردپا، هادی ڕەسوڵی، خەڵکی شاری شنۆ، پاش ٤ ساڵ ڕاگیران لە زیندانی ورمێ، لە لایەن دادگای شۆڕشی ورمێوە ٦ ساڵ حوکمی تەعزیری بۆ بڕایەوە. هادی ڕەسوڵی، پاش مانگرتنەکانی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی، کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە ئیعدامی ٥ چالاکی سیاسی کورد بەڕێوەچوون، لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا.

## تووشبوونی زیندانیەکی سیاسیی کورد بە شێرپەنجە

بەپێی ڕاپۆرتی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، ڕێکەوتی ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، ئەفشین سۆهراب زادە زیندانی سیاسیی کورد، تەمەن ٢٤ساڵ و خەڵکی کرماشان، دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانی بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەی و نەدانی ئیزنی پزشکی لەلایەن بەرپرسانی زیندان، بە هۆی ئێش و ئازاری لە ڕادەبەدەری ڕیخۆڵە بێهۆش بووە و بە حاڵەتی بێهۆشی بۆ نەخۆشخانەی شاری میناب ڕاگوێزراوە و بە وتەی پزشکانی پسپۆڕ، تووشی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە بووە. بەرپرسانی زیندانی میناب سەرەڕای ئاگاداربوون لە نەخۆشیی ئەو زیندانییە سیاسییەی کوردە، بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەی هیچ هەوڵێکیان نەداوە. ئەفشین سۆهراب زادە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لقی دووی دادگای شۆڕشی ئیسلامی شاری سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر مەستەفا تەیاری بە ٢٥ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ زیندانی شاری میناب مەحکووم کراوە.

## لە شاری پاوە ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی «مەجید بەگ هیدایەتی» کوڕی «عەباس قولی بەگ» شاعیر و ئەندامی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی «ئیمام حۆسێن»ی شاری «کرماشان» کۆچی دوایی کرد. مەجید بەگ هیدایەتی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە گوندی «داریان» سەر بە شاری پاوە چاوی بە دنیا هەڵێنا. چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی «لالۆ مەجید بەگی هیدایەتی» لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە کاتی هەڵبژاردنی «خانەی ئەسناف» لە شاری پاوە دەست پێدەکات کە هەر لەو ساڵە بۆ ئەندامەتی خانەی ئەسناف هەڵدەبژێردرێت. لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەگرێت و لەو ساڵانەدا بە شێوەیەکی چالاك و هەڵسوڕ لە ناوچەی هەورامان ئەرکی حیزبی و نیشتیمانی خۆی جێبەجێ دەکات. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی جارێکی دیکە پەیوەندی بە حیزبەوە دەگرێت و ئەمجارە وەك «پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» لە هێزی «شاهۆ» ژمارەی دوو سازمان دەدرێت و هەتا ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژە بە خەبات دەدات. لالۆ مەجید دواتر بە هۆی دۆخی بنەماڵەکەی و لەسەر داوای حیزب دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی لە گوندی داریان، بەڵام بەو حاڵەش پەیوەندی لە گەڵ حیزب بەردەوام دەبێت و وەکوو مرۆڤێکی جێگای بڕوا بۆ خەڵك و پێشمەرگە لە ناوچەکە دەناسرێ و وەکوو ئەندامێکی دڵسۆز و بە وەفای حیزب هەتا دوایین ساتەکانی ژیان بە ڕێبازی دێموکرات وەفادار دەمێنێتەوە. تەرمی لالۆ مەجید لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچە کە و بە بەشداری دەیان کەس لە شاعیران و نوسەران لە گوندی داریان بە خاك سپێردرا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی پرسە و سەرە خۆشی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری لالۆ مەجید دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە شاری شنۆ، دایکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، دایە زارا گیسیانی دایکی شەهید محەممەدعەلی کوردنژاد، فەرماندەی قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەهید مەلا ئیسماعیل کوردنژاد لە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد. تەرمی دایە زارا هەر ئەو ڕۆژە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شنۆ و ناوچەکە لە گۆڕستانی «شێخ سمایل» بە خاك سپێردرا. دایە زارا ژنێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بوو، هەموو کات ناوی پێشمەرگەی بە بەرزی یاد دەکرد.

محەممەد کوردنژاد ناسراو بە (محەممەدی عەلی پیرێژن) ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە گوندی «زمێ» سەر بە شاری شنۆ لە دایك بوو ناوبراو بە هۆی لێهاتوویی بوو بە فەرماندە لکی یەکێك لە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران کە بە داخەوە لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شوێنێك بە ناوی گوندی «حەڵبی» سەر بە شاری نەغەدە شەهید بوو و تەرمەکەی لە شنۆ بە خاك سپێردرا. مەلا ئیسماعیل کوردنژاد برای شەهید محەممەدعەلی کوردنژاد ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە دایك بوو، ناوبراو فەرماندە پەلی یەکێك لە پەلەکانی حیزبی دێموکرات بوو و لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان لە دەشتەکانی شنۆ شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دایە زارا و خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕ و شنۆ دەکات و خۆی بە بەشداری خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە شاری سەردەشت خێزانی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، دایە «نازدار قادری» خێزانی شەهید «محەممەد پزشکی» و دایکی «حوسێن نازدار» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. دایە نازدار کەسێکی باوەڕ بەخۆبوو، لە سەرخۆ، خۆڕاگر و ئازا بوو و لە ماوەی تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆیدا لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان بە دڵسۆزییەوە خەبات و فیداکاری کرد. دایە نازدار قادری چەند جار کەوتە بەر ئەزیەت و ئازاری ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام هەرگیز ورەی بەرنەدا و تەسلیمی دیکتاتۆڕەکان نەبووە. هەر بۆیە جێی باوەڕ و متمانەی خەڵکی هەژار و خەباتگێڕی ناوچەی سەردەشت بوو دانیشتووانی ناوچەکە ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە کاك حوسین نازدار و بنەماڵە و کەس و کاری دایە نازدار دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە پیرانشار پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات بە ناوی «جەلال شێخی « خێزاندار و تەمەن ٤٥ ساڵ، کوڕی «محەممەد دەروێش چووکەل» خەڵکی گوندی «قوروچاوێ»ی سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە جاددەی پیرانشار ـ نەغەدە لە شوێنێك بە ناوی «بادینان» بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد. تەرمی ناوبراو دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە گۆڕستانی پیرانشار لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. کاك جەلال پێشتر پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە کە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بەپێی دۆخی ئەو کات و لە سەر ئیزنی حیزبی دێموکرات گەڕایەوە ناو بنەماڵەکەی. هەروەها برایەکی کاك جەلال بە ناوی «سولێمان شێخی» ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاك جەلال دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچە شنۆ کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەی ١٣٩٣ی هەتاوی، حاجی «کەریم مەحموودی ئازەر» خەڵکی گوندی «پێگەڵە»ی ناوچەی شنۆ، باوکی «زیندانی سیاسی «ئیسماعیل مەحموودی ئازەر» لە تەمەمی ١١٠دا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. حاجی کەریم لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەی شنۆ لە گۆڕستانی «فەقێ شاڵی سینگان» بە خاك سپێردرا. حاجی کەریم پیاوێکی لە سەرەخۆ و قسەخۆش و خاوەن کەسایەتییەکی تایبەتی لە ناوچەی شنۆ و دەور و بەری بوو. ناوبراو کەسێکی نیشتیمان پەروەر، حیزب دۆست و پشتیوانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو. حاجی کەریم باوکی خوالێخۆشبوو کاك ئیسماعیل مەحموودی ئازەر، زیندانی سیاسی بوو، کە ماوەی ٨ ساڵ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەکوو ئەندامی نەهێنی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیندانی کرا و دوای ئازادبوونی، بە هۆی ئێش و ئازاری ئەشکەنجە و لێدانەکانی لە زیندانی ڕێژیمی ئێران، لە دۆخێکی تەندروستیی نالەبار دەژیا و هەر بە هۆی ئەم ئازارانەوە کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە وکەس و کاری حاجی کەریم دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە شاری سنە ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی «عەبدولڕەحمان ئەحمەدی» کوڕی عەلی ئەکبەر و خەڵکی گوندی تەنگیسەری ناوچەی ژاوەرۆی سنە بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و تەرمی ناوبراو لە شارە دێی «حەسەن ئاوای» سەر بە شاری سنە لە نێو ئاپۆرای خەڵك بە خاك ئەسپێردرا. کاك عەبدولڕەحمان لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاویە و لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی پەیوەندی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەگرێت و وەکوو ئەندامێکی هەڵسوڕ و چالاك ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبات. ناوبراو یەکێك لەو کەسانە بووە کە بەردەوام یارمەتیی کادر و پێشمەرگانی حیزبی دێموکراتی داوە و و مەئموورییەتە حیزبییەکانی بەو پەڕی دڵسۆزی بەڕێوە بردووە. بنەماڵەی کاك عەبدولڕەحمان، بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرن و برایەکی بە ناوی «کەماڵ ئەحمەدی» لە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك عەبدولڕەحمان دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە شاری پیرانشار هاوسەری شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی کاك «حەمەدی کاشانی» هاوسەری شەهید و خەزووری شەهید «خالید ساڵحیان « ناسراو بە «خالید ناسر» بەهۆی نەخۆشی، دڵی لە لێدان کەوت و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. کاك حەمەد جیا لە زاواکەی کە شەهیدی حیزبی دێموکراتە هاوسەرەکەیشی بە دەست خۆفرۆشانی ڕێژیمی ئێران لە گوندی خۆیان «جەڵدیان»ی سەر بە شارستانی پیرانشار شەهید کرا. کاك حەمەد کەسێکی شەرافەتمەند و دڵسۆز بوو و بە هۆی ئەوەیکە کوڕەکەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو و هاوسەرەکەی شەهید کرابوو و زۆر جار دەکەوتە بەر ئازار و ئەزیەتی گۆپاڵ بەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. شەهید خالید لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە شاری «شنۆ» شەهید کرا و دوای شەهید بوونی، نازدار کچی گەورەی کاك حەمەد، وێڕای منداڵەکانی گەڕاوە ماڵی باوکی و کاك حەمەد وەك کەسێکی شۆڕشگێڕ ئەرکی پێ ڕاگەیشتنی منداڵەکانی گرتە ئەستۆی خۆی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرە خۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك حەمەد کاشانی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# پرسی کورد و پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا

## لە وتووێژ لەگەڵ خاتوو چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان



وتووێژ: کوردستان

«خاتوو چنار سەعد عەبدوڵڵا هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرای کۆمەڵناسییە و لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٤ مامۆستای زانکۆ بووە و لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەندامی پارلەمانی کوردستان بووە. ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بووە لە کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. مامۆستای وانەبێژە لە کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی ئێواران و سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردییە بۆ ڤیکتۆمۆلۆجی و بەرەنگاربوونەوەی جینۆساید. لە ئێستادا خاتوو چنار ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کاروباری پیشەییەکان لە دەستەی جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دێموکراتە. خاتوو چنار جگە لە زمانی کوردی شارەزای زمانی فارسی و عەرەبییە و بە زمانی ئینگلیزییش قسە دەکات».

١. زۆر جار کە باس لە پێوەندیی باشی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکرێت، بیرەوەریی تاڵی نسکۆی شۆڕشەکان و کاتیبوونی پشتگیرییەکانی ئەوانمان وەبیر دێتەوە. بە سەرنجدان بە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامی ئەم پێوەندییانە کە زۆر جار بۆ ئێمەی کورد کارەساتبار بووە، پێتان وایە دۆخەکە بۆ هەمیشە بە قازانجی کورد گۆڕاوە؟ یان پاش تێپەڕینی ئەم قۆناغە و ڕەوینەوەی مەترسیی داعش، ڕۆژئاوا جارێکی دیکە پشت لە کورد و داخوازییەکانی دەکات؟

پرسی بزاقی کۆمەڵایەتی پرسێکی هەمیشەییە و ژیانی مرۆڤایەتی هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، بەو پێیە ژیانی سیاسیش کە بەشێکە لە مەنزوومەی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی هەمیشە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت . لەو جووڵە و گۆڕانکارییە بەردەوامەدا ئەوەی کە زۆر گرینگە سەرکردە و سیاسەتوانەکانی کوردستان لەبەرچاوی بگرن: یەکەم، سوود وەرگرتنە لە ئەزموونەکانی پێشوو، و بوار نەدان بۆ دووبارە بوونەوەی هەڵەکان چ لە مامەڵەکردنی هێزە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری لەسەر ئاستی نێوخۆی کوردستان، و چ لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەورووبەر و وڵاتانی هەرێمی و جیهانیە. دووەم، بەشێوەیەك سیاسەت بکرێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام یا بەلای کەمی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کوردستان ببێتە بەشێك لە بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوا و دۆست. سێیەم، لە بەڕێوەبردنی قەیرنەکاندا زۆرتر واقعبین بین .

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چەند خاڵە لەو ڕەوشە هەستیارەی کە ناوچەکە تێی کەوتووە کوردستان لە قۆناغی بە قوربانی بوون ڕزگاری دەبێت .

٢. ئۆباما لە ٦ ساڵی رابردوودا بەوە دەناسرا کە لە سیاسەتی دەرەوەدا زۆر پارێزکارە و خۆ لە شەڕ و کێشە دەبوێرێ، بەڵام لە سەر کورد وە دەنگ هات و بڕیاری شەڕێکی نوێی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکا دەرکرد. ئاڵمان لانیکەم لە پاش شەڕی جیهانیی دووەم بە فەرمی چەکی بۆ هیچ لایەنێك نەناردووە کە دەوڵەتی سەربەخۆ نەبێت، بەڵام بۆ کورد ئەو کارەی کرد. هۆکاری ئەم گۆڕانە مێژووییانە بە چی دەزانن؟

هۆکارەکان دوولایەنەن، بەشێکی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ململانێ و بەرژەوەندی خودی ئەو وڵاتانەوە هەیە لە ناوچەکە و مەترسی هەڕەشەی داعشە بۆ سەر ئاسایشی ئەو وڵاتانە. هۆکاری دووهەم پەیوەندی بەو پێگە و متمانەیە هەیە کە هەرێمی کوردستان لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا توانیوویەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروستی بکات. هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئەزموونێکی تا ڕادەیەك سەرکەوتوو لە دیموکراسیەت و هەڵبژاردن و فرەحیزبی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ناوچەکە نیشانی جیهان بدات، هەروەها هەرێمی کوردستان لەوەشدا سەرکەوتوو بووە کە توانیویەتی تەحەددای تیرۆر و تیرۆریستان ببێتەوە و لەو ئاگرەی کە چەندساڵێکە دەوڵەتی عێراقی لەنێو دەسووتێت خۆی بپارێزێت و هەرێمێکی ئارام و جێگیر و ئاوەدان بەرقەرار بکات. هەر ئەمە وایکردووە کە بەدەیان و بگرە سەدان کۆمپانیای بازرگانی جیهانی ڕوو لەو هەرێمە بکەن و زۆر بە خێرایی ببوژێتەوە. مێژووی پێکەوە ژیانی گشت پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا ئەزموونێکی سەرکەوتوو دەوڵەمەندە، کە سەرنجی هەموو جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هەر ئەمەش وایکردووە کە گشت پێکهاتە و ئایین و ئاینزاکانی دیکە کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق کەوتوونەتە بەر هەڕەشە ڕوو لەو هەرێمە ئارامە بکەن. ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارە و لێقەوماو ژیان بەسەر دەبەن، وێڕای ئەو گوشارە زۆرەی کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە لەسەری دەکرێ و بڕینی قوتی خەڵك. بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی داعش بە خاڵێکی دیکەی هێزی هەرێم دەژمێردرێت، هەموو ئەوانە بەیەکەوە هاندەر بوون بۆ پشتیوانی نێودەوڵەتی لە گەلی کوردستان.

٣ ـ دەگوترێ پێوەندیی ئێستای کورد و ڕۆژئاوا زیاتر دەکرێ وەکوو پێوەندیی پارتی و ڕۆژئاوا لێك بدرێتەوە و لایەنەکانی دیکە لەو ڕەوتەدا بەشداری سەرەکی نین، پێتان وا نییە ئەم مەسەلەیە لە داهاتوودا مەترسیدار بێت و لایەنەکانی دیکە هەوڵ بۆ لەباربردنی بدەن؟

گومانی تێدا نییە کە پارتی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی باڵای لە گشت قۆناغەکانیدا گێڕاوە، لە ئەمڕۆشدا بەشێکی کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارییە لەو هەرێمەدا. بوونی پارتی دێموکراتی کوردستان لەو ئەزموونەدا مایەی بەهێزی بووە نەك لاوازی، پاشان پارتی دێموکراتی کوردستان هەمیشە وەك لایەنێکی کاریگەر لە دەسەڵات، هەوڵی داوە لە ڕێگای دامەزراوە فەرمییەکانی ئەم وڵاتە وەك سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت خزمەتی ئەو هەرێمە بکات، نەك لە دەرەوەی ئەو دامەزراوانەوە. ئەم دامەزراوانەش جا هەر بەڕێز و لایەنێکی سیاسی سەرکردایەتی بکات موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە و دامەزراوەی نیشتیمانین نەك حیزبی، بۆیە هیوادارم هەموو لایەنەکان بەو چاوە سەیری ئەو دامەزراوانە بکەن و بە دیدێکی تەسك سەیری ئیدارەی دۆخی ئێستا نەکرێت. ئەوەی بۆ پارتییەکان و دۆستانی پارتی مایەی خۆشحاڵی و شانازی کردنە ئەوەیە کە سەرکردایەتی پارتی بە ڕۆڵ بینینیان لەو دامەزراوانەدا توانیوویانە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە ببەن و لە ئیدارکردنی قەیرانەکانی ناوچەکەدا تا بەئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر پارێزگاری لە پێگەی هەرێمی کوردستان بکەن. بە بۆچوونی من لەباتی ئەوەی کە بەدیدێکی تەسکی حیزبایەتییەوە سەیری پەیوەندییەکان و ئیدارەی ئەو هەرێمە بکەین، باشتر وایە گشت لایەك زیاتر لە جاران پشتیوانی لە هەوڵەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمان و گشت پێشمەرگەکانی کوردستان بکەین کە لە هەوڵ و تەقەلای زۆردان تاکوو ئەو هەرێمە بگەیەننە کەنارێکی ئارام .

٤. بۆچی سەرەڕای گەرموگوڕیی پێوەندیی کورد و ڕۆژئاوا، هەست دەکرێت کە لە بەرانبەر هێزە ناوچەییەکانی وەك ئێران و تەنانەت حکوومەتی ناوەندیدا، سەنگی کورد دابەزیوە؟ پێتان وایە ڕۆژێك پێوەندییەکانی کورد و ڕۆژئاوا بگاتە ئاستێك کە کورد لە بازنەی داخراوی هێزە ناوچەییەکانی نەیاری خۆی دەرباز بێت و کاریگەریی ئەوان لە سەر کورد لاواز بکرێت؟

نەتەوەی کورد لەگەڵ گەلانی دیکەی ناوچەکە بە( توورك و فارس و عەرەب) ەوە مێژوویەکی دوورودرێژی پێکەوە ژیانی و هاوسێیەتیان هەیە. هەرچەندە لە زۆربەی وێستگەکانی مێژوودا میللەتی کورد هەمیشە لەلایەن ئەو نەتەوانە زوڵم و ستەمی بەرامبەر کراوە و چەوساوەتەوە و مافەکانی پشتگوێ خراوە، بەڵام بەو سیاسەتە عەسکەرتاریەت و چەوسێنەرەی ئەوان هیچ کات نەیانتوانیووە ئەو میللەتە لەنێو ببەن، یا پاشگەزی بکەنەوە لە سەرهەڵدان و شۆڕشەکانیان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردستان. بە بۆچوونی من ئەو دوو وڵاتە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەن ئەگەر بیانەوێت بەهەمان ئەقلیەتی پێشوو مامەڵە لەگەڵ گەلی کوردستان بکەن. سەنگ و ئەزموونی سەرکەوتووی دێموکراسی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە و پەیوەندی فراوانی ئەو هەرێمە لەگەڵ گەلانی ڕۆژئاوا و بەرژەوەندی وڵاتان لە سەروەت و سامانی هەرێم، هەبوونی دراوسێیەکی جێگیر و ئارام و دەوڵەمەند، ئەوەندەی سوود بەو وڵاتانە دەگەیەنێت مایەی مەترسی نییە لەسەریان بەتایبەتی دەوڵەتی ئێران. حکومەتی بەغدا و دەوڵەتی ئێران دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە چ لە حاڵەتی مانەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق، و چ لە حاڵەتی جیابوونەوە و سەربەخۆییدا گەلی کوردستان بە دراوسێیی ئەم دوو وڵاتە دەمێنێتەوە. لەبەرژەوەندی هەر دوو وڵاتدایە کە سنووری ئارام و پەیوەندی بازرگانی و فەرهەنگی و دیپلۆماسی توندوتۆڵیان لەگەڵ دراوسێکانیان هەبێت، نەك بەپێچەوانەوە. چونکە ئەو سیاسەتە تەندروستە سوود بە خۆشی و جێگیری گشت گەلانی ناوچەکە دەگەیەنێت. هیوادارم کە حوکمڕنەکانی هەر دوو وڵات گەیشتبنە ئەو ڕاستییەی کە جگە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کوردستان و قبوولکردنی وەك خۆی هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەیان لەبەردەستدا نییە کە سوودی بۆ هەردوولا هەبێت .

٥. کورد وەکوو فاکتەرێکی عەلمانی و دێموکراتیك لە چەقی ناوچەیەکی پڕ لە ئاژاوە و بناژۆخوازیدا، ئێستا بە جۆرێك بۆشایی نەبوونی هێزی وشکانیی ئەمریکا لە شەڕی دژەتیرۆردا پڕ دەکاتەوە، بەڵام تەنانەت لەم دۆخەشدا سیاسەتی ئەمریکا پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی سایکس ـ پیکۆیە کە لە سەر خاکی کوردستان و بە بەهای ڕژانی خوێنی کورد دیاری کراون. بۆ چی ڕۆژئاوا لە هاوپەیمانێتیی کورددا وەها دردۆنگە و بە پارێزەوە هەنگاو دەنێت؟

سیاسەتی گشت وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بنیات نراوە کە بە بۆچوونی من بەرژەوەندی ئابووری لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەیە. بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە لەگەڵ دەوڵەتانی وەك تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، و وڵاتانی کەنداو، کە لە ڕێگای فاکتەری ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە بە وڵاتانی ناوچەکە گرێ دەدرێنەوە، دۆخێکی هەستیاری لە هەمبەر پەیوەندی ڕۆژئاوا لەگەڵ کوردستان دروست کردووە. بە بۆچوونی من لەو قۆناغەدا وە بۆ خۆ قایم کردن و بەدەستهێنانی زۆرترین پاڵپشتی لە کورد، ئەرکی هەرە سەرەکی دەکەوێتە سەرشانی میللەتی کورد لە ڕێگای:

یەکەم، ئارامی و ئاسایشی هەرێم. دووهەم، برەودان بە پەیوەندییە ئابووری و دیپلۆماتیەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی. سێیەم، برەودانی زیاتر بە ئەزموونی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی گشت پێکهاتەکانی کوردستان، هەرچی زیاتر بەشدای کردنی گشت پێکهاتەکانی هەرێم لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. چوارەم، گەشەپێدانی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و بەدامەزراوەیی کردنی هەرچی زیاتری جومگەکانی حوکمڕانی. سەرکەوتنمان لەو چەند خاڵەدا زەمانەتی بەدەستهێنانی زۆرترین پشتیوانی نێودەوڵەتی و پاراستنی هەرێم دەکات.

٦. فاکتەری نەوتی کوردستان تا چ ڕادەیەك دەتوانێ یارمەتیدەر یان هەڕەشە بۆ سەر ستاتۆی کورد بە گشتی و هەرێمی باشوور بە تایبەتی و پیوەندییە نێونەتەوەییەکانی بێت؟

زۆر کەڕەت ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم کە ئایا ئەگەر هەڵکەوتەی خاکی کوردستان لە ناوچەیەکی هەژار لەڕووی سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی بوایا، میللەتی کورد وەك ئێستا ئەو هەموو نەیارەی دەبوو؟ ئایا ئێستا ئەو نەتەوەیە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبوو؟ ئایا هەر بەهۆی دەوڵەمەندی خاکی کوردستانەوە نییە کە گشت لایەك چاویان بڕیوەتە ئەو خاکە و زۆرترین ململانێی لەسەر دەکرێت؟ ئەمە و چەندین پرسیاری دیکە. بێگومان سامانی نەوتی کوردستان بۆ میللەتی کورد بە گشتی و بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەم مایەی هەڕەشەیە و هەم هێز. بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت زێتر ئەم سامانەمان بۆ بکاتە خێر و بێر و هێزی پشتیوانی، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو سامانەیە. مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو سامانە کارێکی ئاسان نییە و زۆر هەستیارە. ساڵانێکە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە هەنگاوێکی زۆر مێژوویان هەڵهێناوە. وێڕای تەحەددای زۆر گەورە و بەربەست و هەڕەشەکان کە تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، بەڵام هەرێم توانی لە بەرەوپێشەوە بردنی ئەو کەرتە لەسەر ئاستی نێوخۆ گرفتی سووتەمەنی و کارەبا بۆ نێوخۆ تا ڕادەیەکی زۆر دابین بکات و لەو بوارەدا سەربەخۆ بین. لەسەر ئاستی دەرەکیش گەورەترین کۆمپانیای جیهانی بۆ سەرمایەگوزاری کردن لەسەر ئەو کەرتە ڕابکێشێتە کوردستان و لەئەنجامدا بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز بێتە هەرێم. وێڕای سەختییەکی زۆر بەڵام ڕاستییەك هەیە کە ئەویش ئەوەیە، هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و ئەمەش لە بەرژەوەندی گشت گەلی کوردستانە لە هەر چوار پارچەدایە .

٧. کورد تا چەند توانیویە لە لۆبیکردن بۆ دانانی کاریگەری لە سەر سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کەڵك وەربگرێت؟ یان لەم بوارەدا چیی پێ دەکرێت؟

جالیەی کوردی لە دەرەوە ژمارەیەکی بەرچاویان هەیە، کە خۆی لە سەدان هەزار دەدات کە لە گشت وڵات و شارو شارۆچکەکانی جیهان بڵاو بوونەتەوە. ڕەنگە بە بەراورد لەگەڵ هەندێك میللەت جالیەی کوردی بەو ئەندازەیە ڕێکخراو نەبووبێت، یا خود بەپێی پێویست نەتوانرابێت سەرمایە گوزاری لەسەر بکرێت، بەڵام هەمیشە جالیەیەکی چالاك و هوشیار بووە و لە پرسە نیشتیمانی و کارەساتەکانی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە لەهەر قۆناغ و پارچەیەکی کوردستان، ڕژاوەتە سەرشەقام و گوشاری خستۆتە سەر وڵاتان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و وەدەنگهاتن لەسەر ئەو میللەتە. زیندووترین نموونە ڕێپێوان و گردبوونەوەکانی ئەم دواییەی گەلی کوردستان بوو لە ئەمەریکا و ئەرووپا و کەنەدا و ئوسترالیا و ئێران و تورکیا و زۆربەی وڵاتانی جیهان لەمەڕ کارەساتی شەنگال و هەڕەشەکانی سەر کۆبانێ. کە بووە هۆی ئاگادار کردنەوەی گشت جیهان لەو پرسە و ناساندنی زیاتری میللەتی کورد بە جیهان و بەدەستهێنانی زۆرترین پشتیوانی نێودەوڵەتی. بەڵام لەوەدا نابێ ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن فەرامۆش بکەین کە هاندەری جالیەی کوردی بوونە بۆ لۆبی کردن لە دەرەوە .

٨. لە پێوەندییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بەرژەوەندییەکانی کورد بە گشتی چ ڕەنگدانەوەیەکی هەیە؟ بۆ نموونە، ئایا کار لە سەر ئەوە کراوە کە هێنانە بەرباسی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەش ببێتە بەشێك لە دیپلۆماسیی هەرێم؟

ڕاستە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربەخۆیی بەڕێوەبردنەوە، تاکە ئەزموونە بۆ گشت میللەتی کورد لە ناوچەکە و چاوی هەموولایەکی لەسەرە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە کێشەی نەتەوەبی کورد لە ناوچەکە کۆتایی پێ هاتووە. لەبەر ئەوەی پرسی کورد لە بەشێکی کوردستان دانەبڕاوە لە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەگەر بەشێکی کوردستان بکەوێتە بەر هەڕەشە، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە هەرێم گشت هەوڵە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی بخاتە گەڕ بۆ پاراستنی. نموونەی بەدەنگەوەهاتنی هەرێمی کوردستان لەسەر کۆبانێ و ناردنی هێزی پشتیوانی پێشمەرگە و چەك بۆ کۆبانێ. یا خود بەشداری کردنی پێشمەرگە و شەڕڤانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە هێڵەکانی شەڕی مەخموور و کەرکووك و شاخی شەنگال. ئەمە وێڕای ئەو هەوڵە ئاشکرا و نهێنیانەیە کە هەمیشە هەرێم داویەتی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات.



**حکومەتی بەغدا و دەوڵەتی ئێران دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە چ لە حاڵەتی مانەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق، و چ لە حاڵەتی جیابوونەوە و سەربەخۆییدا گەلی کوردستان بە دراوسێیی ئەم دوو وڵاتە دەمێنێتەوە. لەبەرژەوەندی هەر دوو وڵاتدایە کە سنووری ئارام و پەیوەندی بازرگانی و فەرهەنگی و دیپلۆماسی توندوتۆڵیان لەگەڵ دراوسێکانیان هەبێت**

# پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

ئیبراهیم قاسمی زادە
و: نسار

یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ڕێکەوتی ٣١ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان و بە بەشداریی نوێنەرانێك لە هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە و لەوانەیش حیزبی ئێمە و نوێنەرانێك لە کۆمەڵگاکانی کوردی دانیشتووی ناوچەکانی دیکەی جیهان بەڕێوەچوو. ئەم کۆبوونەوە لە جۆری خۆیدا یەکەمین دانیشتنی بەربڵاو و فەرمی هەموو گرووپە سیاسی، مەدەنی و حیزبە کوردستانییەکان بوو. کۆبوونەوەی سەرەتایی کۆنگرەی نەتەوەیی، هیواداربوون بە داهاتوویەکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی لە دڵی هەموو کوردەکانی جیهان زیندوو کردەوە. هەر بەم هۆیە، ئەم کارە لە لایەن هەموو نەتەوەی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە جۆش و خرۆشێکی وەسف نەکراوە پێشوازی لێکرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم و پاش کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی کونگرە، کومیتەی بەڕێوەبەری، لە سەر داوای حیزبە بەشداربووەکان بڕیاری دا کە پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ماوەیەك بخرێتە دواوەوە. هۆکاری وەدا خستنی ئەم کونگرە، لە بڕگەی یەکەمدا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە پارلەمانی و شۆرایەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیندرا! بە دوای ئەودا هەلومەرجی زاڵ بە سەر کوردستان و ئەو گۆڕانکارییە لە ناکاوانەی کە هاتنە پێش، پرسی پێکهاتنی کۆنگرەی لە ڕۆژەڤی کاری بەشێك لە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان هاتە دەرێ. لەو ڕێکەوتەوە تاکوو ئێستا بەبێ لەبەر چاو گرتنی هێندێك حاڵەت، هەواڵێکی جیددی لە درێژەدانی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی کومیتەی سەرەتایی ئەم کونگرە گرینگە نەبیستراوە.

هەر چەند هەموو حیزبە سیاسی و مەدەنییەکانی چوار پارچەی کوردستان بەشدارییەکی چالاکانەیان لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرەتایی کۆنگرەی نەتەوەیی هەبوو و بە لەخۆبوردووییە گشتییەکانیان، بوونە هۆی پێشڤەچوونێکی بەرچاو لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە، بەڵام بە هۆی هێندێك بیانوی تا ڕادەیك نالۆژیکیانە و نابەرپرسانە، ئاکامێکی دڵخواز لە ڕەوتی کۆبوونەوەکان بەرهەم نەهات. لەم کێشمەکێشەدا، هێرشی بێ بەزەییانەی گرووپی داعش بۆ سەر دوو بەشی کوردستان، پرسی یەکییەتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی پێش لە هەموو کاتێکی دیکە و بە شێوازێکی بەرچاو خستە ژێر ڕووناکی خۆیەوە. بە شێوەیەك کە بیروڕای گشتی لە کوردستان بە ڕوونی هێزە سیاسیەکانیان دەکردە بەردەنگی خۆیان و جەختیان لە سەر ئەم هەقیقەتە دەکردەوە کە ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی پێك بێ، ڕەنگە هێزی ڕووخێنەری هێرشەکانی داعش بەرتەسکتر ببێتەوە، چوونکە یەکییەتی نەتەوەیی حیزب و هێزە سیاسییەکان، دەیتوانی و دەتوانێ ببێتە هۆی یەکگرتوویی زیاتری کۆمەڵگا و ئەم یەکگرتووییە بە نۆبەی خۆی دەیتوانی وەڵامێکی توند بێ بۆ هێرشەکانی داعش لە دژی ناوچە کوردستانییەکان و ڕەنگە ڕێگر بوایەت لە ڕوودانی کارەساتی شەنگال و گەمارۆی مرۆیی کۆبانێ و خەڵکی ئەم ناوچانە دیسان ئاوارە نەبووبایێتن.

ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەی بینین، پێگە و بیرکردنەوەی ئەکتەرە سیاسییەکانی ناوچەی لە هەمبەر پرسی کورد تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی کرد، گۆڕانێك کە ئەمجارە کوردەکانی وەك بەشێك لە پرسەکە، کە وەکوو گرینگترین هۆکاری هاوسەنگیی و سەقامگیری سیاسی لە ناوچە بە حیساب دەژمێردرێ. بە سەرنجدان بەم ئاڵوگۆڕانە و بارودۆخی قەیرانئاوییەکەی ئێستای ناوچە، نەتەوەی کورد و هێزە نەتەوەییەکانی کوردستانیش دەبێ بە ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان گرینگێکی زۆرتر بدەن و بە لێزانی و هەستیارییەوە پێگەی نوێ نەتەوەی کورد لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچە بگێڕن. هەر بۆیە گێڕانی ڕۆڵی دیار و سەرکەوتوو کە گەرەنتی سەرکەوتنی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە بنەڕەتی و مرۆییەکانی ئەوان بێ، پێویستی بە هۆکارێکی هاوسەنگیی




بەهێزە کە لە بارودۆخی هەنووکەیی شتێك نیە بێجگە لە دەسپێکردنەوەی دووبارەی دانیشتنە جیددییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان.

نەتەوەی کورد یەکێك لە گەورەترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە نیشتمانی دایکیی بە پێچەوانەی حەز و ئیرادەی سیاسی خۆی و لە



نێوان وڵاتانی جیران دابەش بووە. بە سەرنجدان بە ئەوەیکە هیچکام لەو وڵاتانە لە هیچ قۆناغێك لە مێژووی مودێرنی سیاسی خۆیان، خاوەن دێموکراسییەکی ڕاستەقینە نەبوون و هیچکات گرینگیان بە مافەکانی مرۆڤ نەداوە، مافی کوردەکانیان لە ئاستێکی بەربڵاوتر و تەنانەت وەك هاووڵاتی پلە دوو لە هەر بوارێکەوە، چ سیاسی، کەلتوور، کۆمەڵایەتی و هتد... پێشێل کردووە. بەڵام هیچکات نەیانتوانیوە بە سەر ئیرادەی خەباتی خەڵکی کورددا زاڵ ببن. چوونکە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئەم نابەرابەری و نادادپەروەریدا خەباتی کردووە و بێ شك تا گەیشتن بە مافە ئینسانی و سروشتییەکانی خۆی لە ڕاوەستان ناکەوێ. هەر بۆیە لە جیهانی ئەمڕۆدا کە هەموو جیهان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و ماهوارە لە کەمترین کاتدا لە بچووکترین ڕووداوەکان لە هەر گۆشەیەك لە جیهان ئاگادار دەبێ، سروشتیە کە نەتەوەی کوردیش لەم چوارچێوەیە بە دوور نەبێ و لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی جیهان و گۆڕانکارییەکانی پێوەندیدار بە چارەنووسی خۆی دژکردەوەیەکی زیاتر نیشان بدات، بۆیە زۆر سروشتیە کە نەتەوەی کورد بێ لەبەر چاو گرتنی سنووری جوگرافیایی زاڵ، یەکگرتوویی نەتەوەیی خۆی بگەیێنێتە لووتکە و لەگەڵ یەکتر هاوکار و هاوئاهەنگیان هەبێ. لەمڕووەوە سروشتیە کە لە هێزە سیاسییەکان چاوەڕوانی ئەوە هەبێ کە بۆ بەهێزتربوونی یەکییەتی نەتەوەیی و بۆ بەرگری لە کەرامەتی مرۆیی و چارەنووسی خۆی، لە ڕاستای پێکهێنانی مەجلیسێك یان کۆنگرەیێکی نەتەوەیی هەنگاوی بە کردەوە و جیددی هەڵبگرێ.

سروشتییە کە هەموو حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنی، بەشەکانی کوردستان بتوانن لەم مەجلیسەدا نوێنەرایەتییان هەبێ تا بتوانن گرفتەکان و ئاریشەکانی خۆیان پێش لە هەموو شتێك لەم مەجلیسە بخەنە بەر باس و تاوتوێکردنەوە و چارەسەریان بکەن، لەمە زیاتر هێزە کوردستانیەکان دەتوانن، لە باتی پێکهێنان یان چارەسەکردنی ئاریشە لە فیکری پێکهێنانی ئیرادەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و یەکییەتییەکی سەقامیگیر و بەربڵاو لە هەر یەك لە بەشەکانی کوردستاندا بن. چوونکە تەنیا بەم شێوازەیە کە نەتەوەی کورد دەتوانێ لە هەڕەشە و هێرشی دوژمنەکانی ڕزگاری بێ، لەوەیش زیاتر کوردەکان هیچکات چاویان لە نیشتمانی جیرانەکانیان نەبووە و هێرشیان نەکردووەتە سەر خاکی ئەوان بەڵکوو ئەمە جیرانەکانیان بوون کە نیشتمانی کوردستانیان لە نێو سنوورەکانی خۆیان دابەش کردووە و لە ئێستادا هەر جۆرە کارێکی کوردەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی بە دابەشکاری دەشوبهێنن و بە توندی دژایەتی لەگەڵ دەکەن. یەکییەتی نەتەوەیی لە کوردستان لە ڕاستای گۆڕان و چاکسازی ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیە هەنگاوێکی گرینگ دەبێ.

زۆریەك لە پرسە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی کوردستان کە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ بەشێوە چارەسەر نەبوو ماوەتەوە دەتوانرێ بگوترێ کە بووەتە هۆی زۆرێك لە گرفت و ئاریشەکانی نێوان حیزبە کوردییەکان، دەتوانرێ لەم کۆنگرەیەدا بکەوێتە بەر باس و تاوتوێکردنەوە و ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە، بەشێك لەم پرسە گرینگانە بریتین لە: بڕیاردان لە پێوەندی لەگەڵ بەها و نۆرمە نەتەوەییەکان وەکوو ئاڵای نەتەوەیی، سروودی نەتەوەیی، بۆنە و ڕۆژە مێژووییەکان و تەنانەت سوپای میللی، دەتوانرێ بخرێتە بەر باس و وتوێژەوە. نەبوونی چەترێکی هاوبەش لە نێو حیزبە کوردستانییەکان بووەتە هۆی ئەوەیکە هەر کام لەم حیزبانە بە بۆچوونی خۆیان و بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە و زۆرینەی خەڵك شێوازێك لە ئاڵا و ڕۆژە پیرۆز و مێژووییەکان هەڵبژێرن و بە سەر خەڵك و حیزبەکانی دیکەی کوردستان بیسەپێنن، کە ئەمە خۆی لە کۆتاییدا دەتوانێ جۆرێك بێ ڕێزی بە هزری گشتی خەڵکی کوردستان بە ئەژمار بێ.

تەنانەت دەکرێ ڕاشکاوانە بگوترێ کە یەکییەتی نەتەوەیی لە کوردستان و هەبوونی هێزێکی پوختە و یەکگرتووی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەك هۆکارێك بۆ سەقامگیربوون و پەرەگرتنی دێموکراسی و ئاشتی لە هەموو ناوچە دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێ. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەبێ ڕۆڵێکی زۆرتر لە یەکییەتییەك وەك یەکییەتی عەرەبەکان یان یەکییەتی زانایانی ئیسلام و هتد.. هەبێ چوونکە بە سەرنجدان بە دۆخی خراپی کوردستان و بەربڵاوی مێژووی حیزبە کوردییەکان و نەبوونی مافی چارەی خۆنووسین، ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ ڕۆڵی پارلەمانێك بۆ کوردستان بگێڕێ تا هەر جۆرە بڕیاردانێك لەمەڕ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کورد لەودا بخرێتە بەر ڕەخنە و تاوتوێکردنەوە و لە کۆتاییدا پەسەند بکرێ و بچێتە حاڵەتی جێبەجێ کردنەوە. ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ بە سیاسەتی هاوبەش و بڕیاردانە گشتییەکان بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان دەست پێڕاگەیشتنی هەبێ و تولۆرانس و بڕیاری گشتی بێنێتە ئاراوە و سەرەتاکانی یەکییەتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بێنێتە گۆڕێ.

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی عێراق و هێرشە بەربڵاوەکانی گرووپی تێرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام، ناسراو بە داعش بە شار و گوندەکانی کوردستان، وەکوو شەنگاڵ و کۆبانێ، هەلومەرجێکی نوێی هێنایە گۆڕێ کە کوردەکانی لە هەر چوارپارچەی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی جیهان لە کردەوەدا یەکگرتوو کرد. بە شێوەیەك کە کوردەکان لە هەر پارچەیەك لە کوردستانی داگیرکراودا، بە شێوەیەکی بێ وێنە و بە شکاندن و هەڵگرتنی سنوورە دەسکرد و خەیاڵییەکان، چوونە هاوکاری هاوخەبات و هاونیشتمانییەکانیانەوە. ئەم کارە خۆی لە خۆیدا بۆ خەڵکی کوردستان بووە خاڵێکی وەرچەرخان و سەرەنجی ئەوانی بۆلای ئەم ڕاستییە ڕاکێشا کە تەنیا پشتیوانی واقیعی نەتەوەی کورد، خودی خەڵکی کوردستان و ئیرادە و یەکگرتووی نەتەوەییانە.

سیاسەتی نێودەوڵەتی پشت بەستوو بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هێزە حاکمەکانەویە و کەمتر دێتە پێشێ کە دەسەڵاتە حاکمەکان لە ڕووی سۆز و هەستەوە بە بەرپرسایەتی بەرژەوەندییە خەڵکییەکان بپارێزن کە خۆیان یەکگرتوو و قایم و بەرنامەیەکی نەتەوەییان نەبێ. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کوردەکان لە ناوچەکە جگە لە خۆیان هیچ دۆست و هاوپەیمان و پشتیوانێکی دیکەیان نییە و لە ئاستی جیهانیشدا پشتیوانی لە پرسی کورد بەرتەسك و مەرجدارە. لەمڕووەوە پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە زووترین کاتدا دەست لە دژایەتی نێوخۆیی هەڵبگرن و هەوڵ بدەن بە ئیرادە و بەرنامەیەکی سیاسیی یەکگرتوو، گۆڕانە سیاسییەکانی ناوچە بە قازانجی خۆیان، دێموکراسی و ئارمانجگەلێك کە ساڵانێکە لەو ڕێگەیەدا فیداکاری دەکەن، وەکوو دێموکراسی، بەرابەری، لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ ڕێنوێنی بکەن. ئەگەر کوردەکان لەم بڕگە هەستیار و گرینگە گرفت و دژایەتیەکانی خۆیان لە ڕێگەی وتووێژ چارەسەر نەکەن، دەرفەتی مێژووی خوڵقاو، لە دەستیان دەڕوات و ڕەنگە سەد ساڵی دیکەیش نەبنە خاوەنی وەها دەرفەتێك. حیزبە کوردییەکان لە جێگای کێبەرکێی گرووپی، تاکەکەسی و حیزبی، دەبێ بە شوێن بەرژەوەندی قایم بۆ هەموو کوردەکانەوە بن و پێویستە پێش لەوەیکە لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا بکەونە وتوێژەوە، لە ئاستی نەتەوەیی و لە نێو خۆیاندا ئاستی هاوکاری و هاوپێوەندی بەرنە سەرەوە.

## ڕۆژەڤ

# لە لقی زەیتوونەوە بۆ گۆپاڵە مەزنەکە

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

گۆڤاری «ئێکۆنۆمیست» وتارێکی لە ژێر ناوی «سیاسەتی دەرەکی، لە لقی زەیتوونەوە بۆ گۆپاڵە مەزنەکە» بە قەڵەمی دەستەی نووسەرانی خۆی بڵاو کردووەتەوە کە باس لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لە پاش سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان لە دوایین هەڵبژاردنەکانی نێوان دەورەیی کۆنگرێسی ئەو وڵاتە دەکات. لە سەرەتادا هاتووە «بەئەزموونەکانی واشینگتۆن دەیانگوت باراك ئۆباما لە سەرکۆمارەکانی تر جیاوازە: هەر خودی هەڵبژاردنی ناوی بردە نێو مێژووەوە. بڕوای گشتی ئەوە بوو کە باراك ئۆباما ڕەنگە دوایین دەورەی خۆی لە بەڕێوەبەرایەتییەکەدا بۆ کاروباری نێوخۆیی تەرخان بکات. بەپێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆی کە بەمەبەستی خۆدەربازکردن لە ناکامییەکانیان لە نێوخۆدا، ڕوویان کردە دەرەوە. بەهەرحاڵ، پاش ئەوەی کۆماریخوازەکان کۆنترۆڵی کۆنگرێسیان گرتەدەست و هەڕەشەی لەرزۆککردنی زۆربەی ئەجێنداکانی ئۆبامایان هێنایەئاراوە، ئەوە ئیدی تا ڕادەیەکی زۆر دیار بوو کە سەرکۆمار دەست دەکات بە چوون بۆ کۆبوونەوە یەك لەدوای یەکەکان لە چین، میانمار و ئۆسترالیا».

لە وتارەکەدا ئاماژە بە سیاسەتی ئۆباما لە هەمبەر پرسی تەرەفە و پیسبوونی ژینگە لەگەڵ چین، پرسی ئۆکراین لەگەڵ ڕووسیە و پرسی داعەش لە عێراق و شەڕی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی لە سووریە کراوە و پێشبینی پەرچەکرداری کۆنگرێسی داهاتوو لەو بارانەوە خراوەتە ڕوو. بەشی زۆری وتارەکە بۆ پرسی وتووێژی ناوکی گرووپی پێنج زێدە یەك و کۆماری ئیسلامی تەرخان کراوە.

لەو بارەوە پاش ئاماژە بەوە کە ئەگەری درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەی کاتییەکی ئێران و ئەو گرووپە هەیە، نووسراوە: «کۆماریخوازەکان و ژمارەیەك لە دێموکراتەکان لە کۆنگرێسدا زۆر نیگەرانی ئەوەن کە بەڕێز ئۆباما ڕێککەوتنێکی لاواز لەگەڵ ئێران واژۆ بکات و دەیانەوێ بەمەبەستی قایمکردنی بڕبڕەی پشتی سەرکۆمار، بڕیارنامەگەلێك بۆ پەسند بدەنە کۆنگرێس کە لە ئەگەری هەر جۆرە پێبەندنەبوونی ئێراندا، گەمارۆی زیاتر زیاد بکرێ یان وەگەڕ بخرێ. کۆشکی سپی پێی وایە سەرکۆمار دەتوانێ لە هێزی بەڕێوەبەریی خۆی بۆ هەڵپەساردنی زۆرێك لە گەمارۆکان کەڵك وەربگرێ، لە کاتێکدا تەنیا کۆنگرێسە کە دەتوانێ ئەو گەمارۆ پەسندکراوانە، هەڵبوەشێنێتەوە.»

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «لایەنگرانی هێڵی توند دژی ئێران دەڵێن وەها گوشارێك بەقازانجە. ئاماژە بەوە دەکەن کە سێناتۆر باب کۆرکر لە تێنێسی، کە وێدەچێ ببێتە سەرۆکی کۆماریخوازی نوێی کومیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکان، توانایی دروستکردنی کۆدەنگی هەیە و دەیەوێ کۆنگرە بە وردی تاوتوێی هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئێران بکات، بەڵام شەڕهەڵایسێن نیە».

سەرچاوە:
Economist.com

# ڕۆژی جیهانیی تەلەویزیۆن و ئاوڕدانەوەیەک لە تەلەویزیۆن لە ئێراندا

**هیوا میرزایی**

لە ڕۆژژمێری بۆنە جیهانییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ٢١ نوامبر وەك ڕۆژی جیهانیی تەلەویزیون ناوزەد کراوە و ئامانج لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژەیش هاندانی وڵاتانی جیهانە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی ئەو بەرهەمە تەلەویزیۆنیانەی کە لە پێناو ئاشتی و گەشەی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی پرسە کەلتوورییەکان بەرهەم دێن. تەلەویزیون وەك یەکێك لە کاریگەرترین ڕاگەیەنەکانی ئێستای جیهان توانیویەتی بەردەنگێکی بێ ئەژمار لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە چونکوو وەرگرتنی زانیاری لەم ڕاگەیەنە پێویستی بە خوێندەواری نییە و هەر ئەمە وایکردووە کە یونیسکۆ پشتیوانی بکات لە تۆڕە تەلەویزیونییە سەربەخۆکان و هەروەها بەرهەمهێنانی ئەو پڕۆگرامانەی کە یارمەتی ئاشتی جیهانی دەن. هەر بەم بۆنەیەوە ئاوڕێکی کورت لە بارودۆخی ئەم ڕاگەیەنە خەڵکییە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی دەدین.

لە ساڵی ١٣٤٦ بۆ یەکەمجار مەجلیسی شۆرای نەتەوەیی گەڵاڵەیەکی دەوڵەتی لەمەڕ دامەزراندنی ڕێکخراوی تەلەویزیۆنی نەتەوەیی ئێران پەسەند کرد کە لە یەکێك لە خاڵەکانی ئەم پەسەندکراوەدا هاتووە کە بۆ بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی بەرنامەکان و کەڵکوەرگرتن و بەڕێوەبەری کاروبارەکانی دیکەی تەلەویزیۆنی نەتەوەیی ئێران لە وڵاتدا ڕێکخراوێك بە ناوی ڕێکخراوی تەلەویزیۆنی نەتەوەیی (کە دواتر بوو بە ڕێکخراوی رادیۆ و تەلەویزیۆنی نەتەوەیی ئێران) بەستراوە بە وەزارەتی ئیتلاعات دادەمەزرێ. ئەمە دەسپێکی دامەزراندنی ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگ لە ئێرانە و وەك دەبینین هەر لە سەرەتاوە ئەم دامەزراوەیە لە لایەن دەزگا ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان کونتڕۆڵ کرا و تێیدا تەنیا و تەنیا سیاسەتەکانی بنەماڵەی پەهلەوی و سیستمی حکوومەتی زاڵ بەسەر ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە بڵیندگۆیەك بۆ پڕۆپاگەندە و ڕەوایی دان بە سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا. دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە ئێران و بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی هەر زۆر زوو کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە گرینگی و کاریگەربوونی ئەم ڕاگەیەنەیان بۆ دەرکەوت و بۆیە ئەوانیش هەر درێژەیان بەم جۆرە سیاسەتە لە تەلەویزیۆن دا. بە پێی یاسایی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و ئەسڵی ١٧٥ی ئەم یاساییە بەرپرسی ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەری نیزام بۆ دەورەیەکی ٥ ساڵە دیاری دەکرێ و ئەم ڕێکخراوەیە لە لایەن شۆرای چاوەدێری دەنگ و ڕەنگ دامەزراوەیەك پێکهاتوو لە نوێنەرانی سێ دەزگا سەرەکییەکەی کۆماری ئیسلامی چاوەدێری بەسەر دەکا.

دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا هاوشانی سیاسەتەکانی دیکەی ئەم ڕێژیمە هەوڵی چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی داوە و سانسۆڕ و زانیاری هەڵە و درۆ لەو میتۆدانەن کە بەردەوام لەم ڕاگەیەنەدا کەڵکیان لێوەردەگیردرێ. بووجەی ئەم دامەزراوەیە بۆ ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی ١،٥٨٠میلیارد تمەن بووە کە یەکێك لە پڕزەرترین دەزگا دەوڵەتییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا بە ئەژمار دێ. ئەم ڕاگەیەنە لە ماوەی چالاکی خۆیدا جیا لە پڕۆپاگەندە بۆ سیاسەتە دژی خەڵکییەکان، خۆی بووەتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا. نیشاندانی ئێعدام و ئەشکنجە و بەرهەمهێنانی فیلم و دراماگەلی بێ بنەما و دواکەتووانە بوونەتە هۆی پەرەگرتنی بیری دواکەوتوو و سەدەنێوەڕاستی لە کۆمەڵگادا.

تەلەویزیۆنی بە ناو نەتەوەیی ئێران سەرەڕای فرە نەتەوەیی بوون و فرە ئایینی بوونی ئێران تەنیا و تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم و سیاسەت و سیستمی کۆماری ئیسلامی کار دەکات و بە شێوەیەکی سیستماتیك هەوڵی کەمڕەنگ کردنەوە و بێ بایەخ نیشاندانی زمانەکانی نەتەوەکانی دیکە دەدا و ئەگەر ئیزن بە تەلەویزیۆنە نێوخۆیی یان تەنانەت ماهوارییەکانی دەدا کە بە زمانێکی جیاواز لە فارسی بەرنامە بڵاو بکەنەوە لە کەسانێك کەڵك وەردەگرێ کە زۆرتر هەوڵی سەقەتکردنی ئەو زمانە دەدەن کە نموونەی بەرچاوی تەلەویزیۆنی «کردستان و سەحەر بەشی کوردی»یە کە خەریکی ناشیرین نیشاندانی کورد و کەلتوور و خەباتی درێژخایەنی ئەم نەتەوە بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانیان.

تەلەویزیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنیدا بەردەوام وەك سیاسەتی کاری هەوڵی داوە کە پێش زانیاری دروست و هەواڵ ڕاست بگرێ و نموونە بەرچاوی ئەمەیش گواستنەوەی هەڵە و سانسۆرکراوی هەواڵەکانی وڵاتی سووریەیە کە تێیدا ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە بە تیرۆریست دەشوبهێنێت و حکوومەتی دیکتاتۆر و دژی خەڵکی سووریە و بەشار ئەسەد بە خەڵکیی و دیمۆکرات نیشان دەدا و ئەمە لە وڵاتانی دیکەیش و بە پێچەوانەکەیشی هەیە.

یەکێکی دیکە لەو شتانەی کە لە تەلەویزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ، سووکایەتیکردن بە پێگە و کەسایەتی ژنە لەم ڕاگەیەنە و لە ئامادەکردنی فیلم و سریاڵ و تەنانەت بەرنامە ڕاستەوخۆکان وەك دەبینین هەمیشە پێگەی ژن لە کۆمەڵگا و تەنانەت بنەماڵەیش چووکە و سەرەتایی نیشان دەدرێ و بەردەوام هەوڵی زەق کردنەوە و بەرجەستەکردنی پێگەی پیاو و پیاو ساڵاری لە کۆمەڵگا دەدرێت و هیچکات باس لەو خەباتە بەرابەری خوازەی کە لە نێو کۆمەڵگا بوونی هەیە ناکرێت و هەر ئەم فاکتەرانە وایان کردووە کە تەلەویزیۆنی ئێران هیچ جێگا و پێگەیەکی نەبێ و خەڵکی زۆرتر بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵی دروست چاو لە تەلەویزیۆنەکانی دەرەوەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆن بکەن.




# گرێ کوێرەی دانووستانە ئەتۆمییەکان لە کوێیە؟

**عارف وەلزی**

کەیسی ئەتۆمی ئێران یا بە واتایەکی دیکە دانووستانە ئەتۆمییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سەرپەرەستی یەکیەتی ئۆرووپا، مژارێکە کە ساڵانێکە چەندین دانیشتنی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان بۆ کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر هەموویان ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتووەتەوە.

گرێ کوێرەکەی ئەم دانووستانانە کە بە ڕەواڵەت هەمان ڕاگرتنی پیتاندنی ئورانییۆمە لە بەرانبەر هەڵگرتنی یەکجاریی تەواوی تەحریمەکانی ڕۆژئاوا لە سەر ئێرانە، ماوەیەکە دۆزراوەتەوە، بەڵام کردنەوەی گرێکە و ڕێککەوتن لەسەری تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتووە و وێدەچێ بەم زووانەش بە ئەنجام نەگات.

دووای نیزیك بە دەیەیەك دانیشتن و دانووستان لەسەر ئەم کەیسە، دیسان ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، نۆیەمین خولی دانووستانەکانی ئێران و ڕۆژئاوا بە بەشداریی جان کێری وەزیری کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، محەممەد جەواد زەریف وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران و کاترین ئاشتۆن نوێنەری یەکییەتی ئورووپا لە مەسقەتی پێتەختی عوممان بەڕێوە چوو.

دوای سێ ڕۆژ و چەندجار دانیشتن، دانووستانەکان بە کۆتایی گەیشتن و کاربەدەستانی سەرەوەی هەر دوو وڵات ڕایانگەیاند کە، دیسانەوە وەك جاران پرسە گرینگەکانی وەك پیتاندنی ئورانیێۆم و هەڵگرتنی تەحریمەکان لە جێگەی خۆیان ماونەتەوە و ڕێککەوتنیان لەسەر نەکراوە، واتە ئەمجاریش گرێپووچەکە هەر بە نەکراوەی مایەوە بۆ دووا وادە، واتە ٢٤ی نوامبر(٣ی سەرماوەز).

هەروەك دانیشتنەکانی پێشوو کۆماری ئیسلامی ئێران دیسان سەلماندی کە ئامانج لە ڕێکنەکەوتن و درێژکردنەوەی دانووستانەکانیی لەگەڵ ڕۆژئاوا، تەنیا کوشتنی کات و گەمەکردنە بە لایەنی بەرانبەر. چوونکە لەلایەك ژێستی خوازیاربوونی ڕێککەوتن لە دانووستانەکان دەگرێت و لەلایەکی دیکەوە، پێداگری لەسەر پیتاندنی ئورانییۆم دەدات، نموونەی هەرە بەرچاو بۆ ئەم کارەیشی ئەوەیە کە، لە میدیا و ڕاگەیاندنەکانیدا بەردەوام هاواری ڕێککەوتن دەکات، بەڵام هاوکات لەگەڵ دانووستانەکان، عەلی ئەکبەر ویلایەتی سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتژیکی نیزام ڕایدەگەیەنێت کە «ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین و واز لە مافەکانی خۆمان لەهەمبەر ناوەندەکانی وزەی وەکوو فۆردۆ و نەتەنز و ئەراك و هەروەها هەژماری سانتریفیوژەکان و ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیوم ناهێنین».

یا خود لەلایەکی دیکەوە و هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی دانووستانەکان، لێدوانە زبر و دوور لە واقیعەکانی عەباس عێراقچی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لەمەڕ لابردنی یەکجاریی تەحریمەکانی شوورای ئەمنییەت، یەکییەتی ئورووپا و سەرۆك کۆمار و کۆنگرێسی ئامریکا و هەروەها، نامەی ٢٠٠ نوێنەری پارلەمانی ئەو وڵاتە کە تێیدا پێنج پێشمەرجی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا دیاری کردووە، هێما بۆ ئەو ڕاستییە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر هەوڵی کوشتنی کات و وەرگرتنی پوانی زیاتر دەدات نەك ڕێککەوتن لەسەر کەیسە ئەتۆمییەکەی.

ئەوەی کە جێگەی سرنجە ئەوەیە کە لە گەرمەی دانیشتنەکانی مەسقەتدا و هاوکات لەگەڵ دووهەم ڕۆژی بەڕێوەچوونی دانووستانەکاندا، لە سەفەرێکی خۆیدا بۆ مۆسکۆ کە ڕۆژی ٢٠ خەزەڵوەر ئەنجامدرا، سەرۆکی سازمان وزەی ئەتۆمی ئێران عەلی ئەکبەر ساڵحی ڕایگەیاند کە، ڕێککەوتنێکی لەمەڕ دامەزراندنی ٢ ناوەندیی دیکەیی ئەتۆمیی لە بووشێهر لەگەڵ کۆمپانیای «ڕووس ئەتۆم»ی ڕووسییەوە واژۆ کردووە و بە پێی ئەو ڕێککەوتنە، چوار ڕێئاکتۆری دیکە لە ئێران دادەمەزرێن کە تا ئێستا شوێنی دامەزراندنیان نادیارە.

چەند ڕۆژ دووا بە دووای دانیشتنەکانی مەسقەت، واتە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، دوایین خولی دانووستانەکانی نێوان دوو لایەن لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش دەستی پێکرد و تا ئێستا کەش و هەوای زاڵ بەسەر دانیشتنەکان وەکوو دیارە کەش و هەوایەکی هەر وك جاران سارد و بێ دەستکەوتە مەودای نێوان هەردوو لایەن هێشتا دوور و درێژە و ئاسۆی ڕێککەوتنی یەکجارەکی تا ٢٤ی نوامبر(٣ی سەرماوەز) هەر تاریکە.

هەر بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی پاشەکشەنەکردنی ئێران و سووربوونی لەسەر پیتاندنی ئۆرانییۆم و پێداگری لەسەر هەڵگرتنی یەکجاریی تەحریمەکان و لێدوانە جۆراوجۆر و تێکدەرانەی کاربەدەستانی ڕێژیم، و هەروەها واژۆکردنی ڕێککەوتنی «ڕووس ئەتۆم» دوای نۆ خول دانیشتنی دوو لایەنە، هاوکات لەگەڵ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە و پشتیوانی هەمەلایەنە لە گرووپە تێرۆریستییەکان بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و هەژمۆنی خۆی کە هەمان سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشیی خۆمەینییە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە، کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی ڕێککەوتن لەسەر کەیسە ئەتۆمییەکەی بەشداری لەم دانووستانانەدا ناکات، بەڵکوو ئامانجی شاراوەی دیکەی لەپشتە کە هەوڵیان بۆ دەدات. هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت کە لە دوایین مۆڵەتی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی واتە ٣ی خەزەڵوەر(٢٤ نوامبر) هیچ دەرەنجامێکی نەبێت و گرێ کوێرەکە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە و ڕەنگە وتوویژەکان بە قازانجی ئێران بۆ ماوەیەکی دیکە درێژ بکرێنەوە.

یان خود ئەگەری هەیە بژاردەی خراپ و خراپتر کە هەمان تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکان و زیادکردنی گوشار و تەحریمەکان بۆ سەر ئێران و تەنانەت ئەگەری وەشاندنی گورزی سەربازی بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێرانە بە پشتیوانی کۆمەڵگای جیهانی بێتە کایەوە.



# بارهێنانی منداڵان بە بیرۆکەیەکی مەزهەبییەوە، گەرەنتیەک بۆ بەردەوامی نیزامێکی ئیدۆلۆژیست

شەماڵ تەرغیبی




٢٠ی نوامبری ساڵی ١٩٨٩ی زایینی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵی بە کۆی دەنگ پەسەند کرد کە تاکوو ئێستا زیاتر لە ١٤٧ وڵاتی دنیا و یەک لەوان وڵاتی ئێران ئەم کۆنوانسیۆنەیان واژۆ کردووە (ئەڵبەت ئێران بە مەرج واژۆی کردووە). یەکێك لە بەندەکانی ئەم کۆنوانسیۆنە بریتیە لەوەی کە نابێت منداڵان بەزۆرەملێ فێری دین یان فەرهەنگێکی دیاریکراو بکرێن و نابێ کاریگەرییەکانی فەرهەنگێکی دیاریکراو لە ژیانێکی منداڵانەدا ڕەنگ بداتەوە. ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەم ڕۆژە دەکەینەوە کە دەبینین لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نە تەنیا هەوڵ بۆ ئیسلامی کردنی ناوەندە ئامووزشییەکان، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بگرە تا دەگاتە ناوەندە باڵ فێرکارییەکان دەدرێت، بەڵکوو بە تەواوی تواناوە لێپرسراوانی ڕێژیم بە تایبەتی بەرپرسانی بەناو وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان کە هەوڵ دەدەن شێوازی بیرکردنەوەی منداڵەکانیش کە نەسڵی داهاتووی وڵاتن، بەرو ئاقارێك بگۆڕن کە بۆ خۆیان دیانهەوێ و ئەمەش وەك گەرەنتیەك بۆ بەردەوامی سیستەمە ئیدئۆلۆژیستەکان پێناسەی بۆ دەکرێت.

لە حاڵێکدا کە وەزیری پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم باس لەوە دەکات کە ئەم وەزارەتخانەیە یەکێك لە هەژارترین وەزارەتەکانە و ئەمساڵ لەگەڵ کەمی ٥ هەزار میلیارد تمەن بووجە بەرەوڕووە، هەواڵی دامەزراندنی «دەبیرخانەی سیاسەتدارێژی بۆنە مەزهەبیەکان» لەم وەزارەتخانەدا بڵاو کرایەوە. لەم پێوەندیەدا پێویستە چەن خاڵێکی جێگەی تێڕامان بخەینە بەر باس: یەکەم، وەڕێخستنی وەها دامەزراوەیەك پێویستی بە کارگێڕ، بەڕێوەبەر، جیا لە کەل و پەل و بووجەی تایبەتی هەیە. بەڵام ئەم وەزارەتخانەیە بە دانپێنانی شەخشی یەکەمی، لەگەڵ کەمبوودی بووجە بەرەوڕووە کەواتە بە پێی کام تەدبیر ئەم دەبیرخانە دامەزراوە.

دووهەم، وەك لە هەواڵەکاندا باس دەکرێت ئەرکی ئەم دەبیرخانە بریتیە لە: ڕێکخستنی بۆنە مەزهەبییەکان لە وڵاتدا لە حاڵێکدا کە بە پێی خودی یاساکانی ڕێژیم ئەم چەشنە کارانە ئەرکی وەزارەتی ئێرشاد، ڕێکخراوی تەبلیغاتی ئیسلامی، حەوزەی عێلمیە و ... هتد، کەواتە چونکە وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان هێشتا نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەڕێوە ببات بەڵام ئەرکێکی دیکەی لەم چەشنە پێ دەسپێردرێت؟

سێهەم، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان ئەرکدارە بەوەیکە بۆنە مەزهەبیەکان لەو وڵاتەدا ڕێك بخات و فێرکاری و تەبلیغی مەزهەبی بکات، کەواتە تەنها دوو دامەزراوەکانی وەك: وەزارەتی ئێرشاد و حەوزەی عێلمیە و ڕێکخراوی تەبلیغی ئیسلامی چ ئەرك و کارێکیان هەیە؟

لە هەموو وڵاتێکی دیمۆکراتیکدا کەرتی بارهێنان و پەروەردە بە یەکێك لە گرنگترین نیهادە حکوومەتییەکان دەژمێردرێت و تێیدا کاروبارێکی وەك ڕاهێنانی منداڵان بۆ زانستە جۆراوجۆرەکان و پەروەردەکردنیان لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە لە بەرچاو گیراوە. بۆ ئەم مەبەستەش وێڕای دیارکردنی بووجە و پێداویستی تایبەت کەڵك لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەئەزموون وەردەگیردرێت. بەڵام لە ئێراندا جیا لەوەی کە وەك پێویست بووجە و ئێمکانات دیاری نەکراوە تەنانەت جێگەی کەسانی لێزان و شارەزایش لە لایەن تاقمێك مۆرەی سەر بە لایەنە نیزامی و ئەمنییەتییەکان پڕکراوەتەوە. تەنانەت لە هەندێك شوێندا لەوانە کوردستان، هەوڵ دەدرێت کە پێداویستیەکانی خوێندن لە لایەن خودی قوتابیان و بنەماڵەکانیانەوە دابین بکرێت. نموونەیەکی بەرچاو لە بە فیڕۆدانی بووجە و تواناییەکان لەم وەزارەتخانەدا دەتوانێ دامەزراندنی ئەم دەبیرخانە بێت کە سەرەڕای ئەوەیکە هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ پرسی ئامووزش و بارهێنانی قوتابخانەکان نیە بەڵام هاوتەریب لەگەڵ نیهادگەلێکی وەك ئەنجومەنی ئیسلامی، شۆراکان، بەسیجی قوتابیان و لقی پەروەرشی کار دەکات و ڕێژەیەکی بەرچاو لە بووجە و توانایەکانی ئەم وەزارەتخانەیە بۆ کاروبارێکی وەك: پێگەیاندنی مەداح و ڕێکخستنی هەیئەتی ئازایەتباری، ناردنی قوتابیان بۆ ئۆردووەکانی ڕاهیانی نوور، دروستکردنی پوستێر و بۆنێری تەبلێغی و سیاسی تەرخان دەکرێت، کە ڕوونە هەموو ئەم کارانە لە ڕاستای یەك ئامانجدا دەکرێت ئەویش بریتییە لە گۆڕینی زەین و بیرۆکەی قوتابیان بۆ خزمەت بە دەزگای سیاسی (ویلایەتی فەقیە) و لە هەمان کاتیشدا بارهێنانی نەسڵێکی ملکەچ، ئیدئۆلۆژیست، گوێ لەمست بە فەرهەنگی کوێلایەتی و لاواز لە باری ئیرادەی بیرکردنەوە. بەڵگەی سەلمێنەری ئەم وتەش قسەکانی ئاخووند موجتەبا مەلەکی ڕاوێژکاری وەزیری بارهێنان بۆ کاروباری حەوزەییە کە بە هەواڵدەریی پانای گوتووە: لە ئێستادا ٢٠ هەزار ڕوحانی بۆ کاروباری مەزهەبی و تەبلیغی مەزهەبی لە قوتابخانەکاندا دیارکراون و هەوڵ دەدرێت بۆ داهاتوو کەسانێك پەروەردە بکەین کە بۆ خزمەت بە نیزام تێبکۆشن. بە گشتی ئەوەیکە باس کرا دەکرێت بەم شێوەیە پێناسەی بۆ بکرێت کە دامەزراندنی ئەم دەبیرخانەیە، کە لە ڕاستیدا پێشێلکردنی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵە، یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ هەمان (شۆڕشی فەرهەنگی) سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کە دەیهەویست بە تێکەڵ کردنی حەوزە و زانکۆ، نەخش و سەنگ و دەوری ناوەندێکی ئامووزشی مۆدێڕن بە ئاوێتە کردن لەگەڵ چەمك و باس و خواستەکانی حەوزە، خەوشدار بکات و قوتابی بکرێتە تەلەبەیەکی دینی.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە وتەیەکی ڕیچارد داوکینز لە کتێبی (بیرکردنەوەی خودا) دەکرێت کە دەڵێ: «منداڵان بچووکتر لەوەن کە بتوانن سەبارەت بە باوەڕەکانیان لەمەڕ سەرچاوەی ژیان، کەیهان و ئەخلاق بڕیار بدەن. منداڵ نە مەسیحیە، نە موسڵمان بەڵکوو منداڵی دایك و باوکێکی مەسیحی یان موسڵمانە. بەم شێوەیە، منداڵ لەوە تێدەگات کە دین بابەتێکی شەخسییە و هەرکات توانای بیرکردنەوەی چووە سەری دەتوانێت بڕیاری بۆ بدات». کەواتە، یەکەمین هەنگاو بۆ گەیشتن بەم مافە سروشتی و ئینسانییە، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتە و ئەمەیش لە سیستەمی ئێستای زاڵ بە سەر ئێراندا نایەتە دی.

# ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و پاکستان و مەسەلەی داعش

ئیدریس ستوەت

لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا لەسەر مەسەلەی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عیراق و شام و بزووتنەوە ئیسلامیخوازە توندڕەوەکانی وڵاتی پاکستان، پێوەندییەکانی نێوان پاکستان و ئێران بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشتووە و لەم ماوەیەدا هەردوو وڵات چەندین جار هۆشداریان بە یەکتر داوە.

ئێران و پاکستان سنوورێکی دوور و درێژیان پێکەوە هەیە و ناوچەی سنووری پاکستان و ئێران بە هۆی باندی قاچاغی مادەی هۆشبەر و بە هۆی گرووپی حیزبە چەکدارەکانی ناوچەکانی سیستان و بەلووچستانی ئێران کە وڵاتی ئێران ئەو حیزبانە بە تیرۆریست ناودەبات، ساڵانێکە مەیدانی ئاڵۆزیی بووە و لە سەر ئەم سنوورە زۆر جار ناکۆکی لە نێوان پاکستان و ئێران ساز بووە. بەڵام ئەمجارە ناکۆکییەکان گڕوتینێکی زیاتریان بەخۆوە بینیوە.

لەم ماوەیەدا ناوی داعش وەك تیرۆریزمی جیهانی زۆرتر لە ناوی ئەلقاعیدە و تاڵیبان کەوتووتە نێو هەواڵەکانی میدیاکانی جیهان و ترس و دڵەڕاوکێی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان دروست کردووە و وڵاتی ئێران و پاکستانیش تا ڕادەیەك لەو دڵەڕاوکێیە بێبەش نین.

ڕێژیمی ئێران دەسەڵاتدارانی پاکستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە توانای پاراستنی سنوورەکانی نیە و پاکستان لە باری پاراستنی سنوورەکانی کەمترخەمە و دەڵێن تیرۆریستان لە ڕێگای سنوورەکانی پاکستانەوە دێنە نێو خاکی ئێران و داوای لە دەسەڵاتدارانی پاکستان کردووە کە هەنگاوی پێویست بۆ ئەمنیەتی سنووری نێوان ئێران و پاکستان بگرنە بەر تاکوو تیرۆریستان دزە نەکەنە نێو خاکی ئەم وڵاتەوە.

**وڵاتی پاکستان ساڵانێکە لەگەڵ کێشەی گرووپە تیرۆریستییەکان بەرەورووبە و لەم چەند ساڵەی دواییدا ئێمە بینەری چالاکیی گرووپە جیاوازە تیرۆریستییەکانی وەک ئەلقاعیدە و تاڵیبان لەم وڵاتەدا بووین**

وڵاتی پاکستان ساڵانێکە لەگەڵ کێشەی گرووپە تیرۆریستییەکان بەرەوڕوویە و لەم چەند ساڵەی دواییدا ئێمە بینەری چالاکیی گرووپە جیاوازە تیرۆریستییەکانی وەك ئەلقاعیدە و تاڵیبان لەم وڵاتەدا بووین. دانیشتوانی وڵاتی پاکستان ٩٨٪ موسڵمان و لەوانە ٧٥٪ سوننی مەزهەبن و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەم وڵاتەدا یەکجار زۆرن و هەم لە ڕابردوو و ئێستاشدا بنکە و بارەگاکانی ئەلقاعیدە و تاڵیبان لەم وڵاتەدا بوون و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە ئەو پوتانسیەلەی هەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام لەم وڵاتەدا ئەندامگیری بکات.

داعش لەم وڵاتەدا توانیویەتی زۆر کەس و گرووپی ئیسلامی کە پێشتر ئەندامی تاڵیبان و ئەلقاعیدە بوون بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بە پێی هەواڵەکانی ڕۆژنامەکانی پاکستان، لەم وڵاتەدا هێندێك لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان پشتیوانی خۆیان بۆ هاوکاریی کردنی داعش ڕایگەیاندووە و نفووزی داعش لە پاکستان کەش و هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا تێك داوە و لە لایەکی دیکەوە داعش دەیهەوێ لەم وڵاتەدا ڕۆڵی هەبێ.

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا داعش کتێبێکی بە زمانی پەشتوون و ئۆردوو لە هێندێك لە ناوچەکانی پاکستان بلاو کردبووە کە تێیدا فکر و ڕێباز و بیروباوەڕی داعشی تێدا نووسرا بوو.

داعش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ١٠ تا ١٢ هەزار ئەندامی هەیە (تەکفیری و سەلەفی سوننی مەزهەبن و دژی شیعەکانی وڵاتی پاکستانن) بەتایبەت لە ناوچەکانی خەیبەر و پەختونخاه.



لەلایەکی دیکەوە کاربەدەستانی وڵاتی پاکستان و سوپای ئەم وڵاتە خۆیان لە بەرەی جەنگ دژی تیرۆریزم و داعش دەبیننەوە و تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی نفووزی داعشی لەم ولاتەدا پشتڕاست نەکردوتەوە و وا دیارە کە نفووزی داعشی لەم وڵاتەدا بە کەم گرتووە. ئەمە لە حاڵێکدا کە ڕێژیمی ئێران لەوە دەترسێ کە داعش بتوانێ کاریگەریی دابنێ لەسەر گرووپە چەکدارەکانی سیستان و بەلووچستان و لە ئەگەری لاواز بوونی لە عیراق و سووریە و گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان، لوولەی چەکەکانی داعش بە پشت بەستن بە چەکدارە توندڕەوە ئێرانییەکان لەو بەرەیەوە بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ئەمڕۆدا دەیبینین کە ئێران پاڵپشتێکی باشە بۆ داعش، بە دژی کۆماری ئیسلامی دەست بکەن بە تەقە کردن.

ناکۆکییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە سەر پرسی داعش وای لێهاتووە کە شەڕ و پێکدادان لەسەر سنووری ئەم دوو وڵاتە ناوە ناوە ڕوو دەدەن و تا ئێستا چەند کوژراو و بریندراری لێکەوتووتەوە و هەردوو وڵات تا ئێستا چەندین جار هۆشداریان بە یەکتر داوە. چونکوو ئێران پێی وایە لە نێو خاکی پاکستانەوە هێرش دەکرێتە سەر سنوورەکانی.

بەلام لە بەرامبەردا کاربەدەستانی پاکستان دەڵێن کە ئاڵۆزییەکانی سەر سنوری پاکستان و ئێران و ئەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەر هێزەکانی سوپای ئێران، هەمووی لە نێو خاکی ئێراندا ڕوویان داوە و پاکستان هۆشداری داوە بە ئێران کە ئەگەر جارێکی دیکە هێرش بکاتە سەر سنوورپارێزانی پاکستان، لەگەل دژکردەوەی هێزەکانی پاکستان بەرەوڕوو دەبێتەوە.

# کۆماری ئیسلامی و هێرشی میدیای بۆ سەر تورکیە

**دارا ناتق**



به درێژایی مێژوو دوژمنانی کورد و بـه تایبەتی وڵاتانـی داگیرکەری کوردسـتان هەوڵـی سـەرکوت و لە نێوبردنـی نەتـەوەی کوردیـان داوە و لـە هیـچ چەشـنە هەوڵێـك بۆ تواندنەوەی شوناسـی کوردی دەریغیان نەکـردووە. بەڵام بە هۆی فیداکاری و بەردەوامی گەلی کـورد لە خەبات و تێکۆشـانی بێوچان، هەوڵی نەزۆك و شۆڤینسـتانەی نەیارانی کورد بوونەتە بڵقی سـەر ئاو و هەنووکە پرسی کورد بۆتە ڕۆژەڤ و بە تایبەتی باشـووری کوردسـتان وەك هەرێمکی ئاشـتی و بەیەکەوە ژیانی گشـت پێکهاتەکان و نموونەی دێموکراسـییەکی سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بۆتە جێی گرینگی و سەرنجی وڵاتانی ڕۆژئاوا و فاکتەرێکـی گرینگە لە ئاسـتی ناوچەکەدا. هەموو ئەمانە و بە تایبەتی بەردەوامی و ئەکتیڤ بوونی تەڤگەری ئازادیخوازانـەی کورد لـە باکووری کوردستاندا، ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشەی بە سیاسـەتی سەرکوتکەرانەی تورکیە لـە هەمبـەر دۆزی ڕەوای کـورددا کـردووە و لە دوای هاتنە سـەرکاری دەوڵەتی داد و گەشـەپێدان سیاسەتی ئـەو حکوومەتـە بەرامبـەر بە کورد گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سـەرداهات و هەنووکە هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەدا لە ڕێگەی ئاشتیانەوە دەدرێـت و پێوەندییەکانـی تورکیە لە گـەڵ هەرێمی کوردسـتان چوونەتە قۆناخێکـی گرینـگ و مێژووی کە ئەو وڵاتە وەك فاکتەرێکی گرینگ لە ناوچەکەدا هەڵسوکەوت لەگەڵ هەرێمی کوردسـتاندا دەکات. چوونـی هێزی پێشـمەرگە لە نێو خاکی تورکیەوە بۆ شەڕی دژ بە داعش و هاوکاریکردنی برا کوردەکانیان لە کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردسـتان و هەروەهـا یارمەتیدانی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا و چارەسەر کردنی برینـدار و شـەڕڤانانی یەپەگـە لە نەخۆشخانەکانی تورکیەدا ڕاستی ئەو پرسانە بە ڕونی دەردەخات.

هەر بۆیە سیاسـەتی ئەم دواییانەی دەوڵەتـی تورکیە بەرامبەر بە پرسـی کورد بە گشتی و بە تایبەتی گرینگی پێدانی ئەو وڵاتە بە هەرێمی کوردستان، بۆتە هۆی ئەوەیکـە ئێران وەك یەکێك لە وڵاتانی داگیرکەر و سەرکوتکەری کورد حەساسـیەتی زیاتری بۆ دروست بێت و بەردەوام دژکردەوەی مەبەسـتدار و دوژمنکارانە لە خۆی نیشـان بدات. بە تایبەتی لـە ماوەی ڕابردوودا تۆڕە میدیاییەکانـی سـەر بـەو ڕێژیمە و دەسەڵاتدارە شۆڤینیستەکانی ئەو وڵاتە و هەڤاڵبەندەکانیان لە ژێر سیاسەتێکی دیار و ئامانجداردا، خۆیان بە دڵسۆز و خەمخۆری کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان نیشـان دەدەن و بەردەوام هێرش دەکەنە سەر دەوڵەتی تورکیە و بە یارمەتیدەری گرووپی تیرۆریستی داعش و دوژمنی کـورد و هەڵگیرسـێنەری سـەرەکی شەڕی نێوان کورد و داعش بە تایبەتی لە ڕۆژئاوایی کوردستاندا دایدەنێن.

لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بۆ پشـتیوانی لە کوردانی دانیشـتووی کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕێژیمی سـەرکوتکەری ئێران هەوڵـی دا کە لە ڕێـگای دەسـت و پێوەندییەکانی خۆیەوە ئاراسـتەی دروشم و ئامانجی خۆپێشاندانەکان بۆ ووتنەوەی دروشمی دژی دەوڵەتـی تورکیـە بگۆڕێـت، بەڵام خەڵکی ووشـیار و شۆڕشگێری کوردستان جارێکی دیکە نەیانهێشت کە ڕێژیم ئامانجە مەبەستدار و گڵاوەکانی خۆی بپێکێت و بە ووتنەوەی دروشمی «تاران هاوپەیمانی داعشـە و لە ئیلام تاکـوو کۆبانێ کوردسـتانە» پیلانی ڕێژیمیان پووچەڵ کردەوە.

هەوڵە چەواشـەکارەکانی ڕێژیم لە کاتێکدایە کە، ئەو ڕێژیمە بە درێژایی زیاتر لە سـێ دەیەیە لە دەسەڵاتداری خۆی بەردەوام لە هەوڵی ئاسمیلەکردنی نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا بووە و بە دەیان کردەوەی تیرۆریسـتی لـە ئاسـتی ناوچە و وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەڕێوە بردووە و وەك ڕێژیمێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر بۆتە گەورەترین مەترسـی بۆ سـەر ئاشـتی و تەناهی ناوچە و جیهان بە گشـتی. ئێران بە هۆی دەستێوەردان و تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و ساپۆرتی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك حیزبوڵای لوبنان و حەماس و گرووپە بناژۆخـوازەکان، بۆتە جێی نیگەرانی گشت پێکهاتەکانی ناوچەکە. سەرکردە و گەورەتیرۆریستانی وەك «زەرقاوی» کەسـی دووهەمـی نێـو ڕێکخراوی تیرۆریسـتی ئەلقاعیـدە و سـەدان تیرۆریسـتی دیکە لەو وڵاتەدا حەشار دەدرێن و پەروەردە دەکرێن.

ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسـلامی دەیەوێ بە وەها سیاسەتێك پیلانەکانی خۆی بە مەبەسـتی لە نێو بردنی تەڤگەری ڕزگاریخوازانەی کورد لـە ڕۆژئاوای کوردسـتان و تێکدانی بارودۆخی ئابووری و تەناهی هەرێمی کوردستان بە شـێوەیەکی پلانداڕێژراو بەڕێوە ببات.

لـە کاتێکدا کە بەشـێکی بەرچاو لە خاکی عێراق بە هۆی سیاسـەتی شکەستخواردووی ڕێژیمی مالکییەوە، لـە لایەن ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعشـەوە دەستی بە سـەردا گیرابوو و هێرشـەکانی ئەو گرووپـە ڕوو لە بەغـداد و دەوڵەتی مالکـی بوون و پرسـی سەربەخۆیی کوردسـتان ببووە ڕۆژەڤی باسە میدیاییەکان و هەرێمی کوردسـتان خـۆی بـۆ بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم و کەرنەڤاڵی سـەربەخۆیی کوردسـتان ئامادە دەکرد، بەرپرسانی ڕێژیمـی ئێران بـەردەوام لێدوانیان بە دژی سـەربەخۆبوونی کوردستان لێ دەدا و لـە ڕێگای گەورە فەرماندەری تیرۆریسـتیان «قاسم سۆلیمان»ی وە ئاراستەی هێرشەکانی داعشیان بۆ سەر هەرێمی کوردسـتان گـۆڕی و تاکوو لەو ڕێگایەوە هـەم زەختە نێوخۆی و دەرەکییەکانی سەر حکوومەتی مالکی کەم بکات و هەم دەسەڵاتی دیکتاتۆڕە هاوپەیمانەکەی خۆیـان بپارێزێت و لە هەموویان گرینگتر بە تێکدانی ڕەوشی ئەمنی کوردستان، پرسی سەربەخۆیی کوردسـتان بکاتە بڵقی سەر ئاو و بەو بیانویەوە هێزەکانی خۆی لە بەشـێکی خاکی کوردسـتان و عێراقـدا جێگیر بکات تاکوو هەرکات کە بە پێویسـتی زانی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بخاتـە ژێر هێژموونـی و هەیمەنەی خۆیەوە و پێش بە ڕەوتی گەشەسەندنی کوردستان بگرێت.

لە لایەکی دیکەوە ئێران بە ئاراسـتە کردنی هێرشـەکانی داعش بۆ سـەر خاکی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی ڕۆژئاوای کوردستان و شاری کۆبانێ ویستی گوشـارەکانی سەر هاوپەیمانە دیکتاتۆرەکەی خۆی بەشـار ئەسـەد کەم بـکات و بە هەموو شـێوەیەکی مۆمکیـن هاوپەیمانەکەی بپارێزێت. و لە هەمانکاتدا بە هێرشـی میدیایی و مەبەستدارەکانی خۆی بۆ سەر دەوڵەتی تورکیە، شـەڕ و دوژمنایەتی لە نێوان گەلی کـورد و حکوومەتی تورکیەدا دروسـت بکات و پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لەو وڵاتەدا بە لاڕێدا ببات.

# فەلسەفەی جێژنی خاوەنکار لە دینی یاری

**مووسا باباخانی**




لەمەڕ شوێنی سـەرهەڵدانی دینی یاری کە لە کوردستانی باشوور پێیان «کاکەیی» دەگوترێ بیروبۆچوونی جیـاواز هەیـە، کەسـانێک دەڵێن تێکەڵێک لە زەردەشتی، مێهر پەرەستی، مانەوی، هێندوو ...کەسانێکیش پێیان وایە کە یاری لقێک لە ئیسلامە کە پاش هاتنی ئیسلام سەرهەڵدەدا.

بۆچوونێکـی دیکەش هەیە بە بێ لە بەرچاوگرتنی جیـاوازی بیروبڕوا و تەنانەت کاتـی دامەزرانی و تەنیا لە بـەر بە پیرۆز زانینـی «ئیمامی عەلی» لـە دینی یاری، ئەو دینە بە هەڵە بە «علی الهی»دەزانن.

بەڵام لە ڕاسـتیدا دینـی یاری، دینێکی بـە تەواوەتی جیـا لەگەڵ دینی ئیسلام و مەسیح و جوولەکەیە، خاوەنی ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیەتی و فۆرمی ئێسـتای لە سـەدەی ٩ی هێجری لە لایەن سـوڵتان سـەحاک لە ناوچەی هەورامانی کوردسـتانی باشـوور ئاشـکرا و چوارچێوەی بۆ دیاری کراوە.

دینی یاری شـوێنی سەرهەڵدانی کوردسـتانە و بە کوردییـە بەڵام بە تێپەڕبوونـی کات لە نێـوان تورک، فـارس و هێندی نەتـەوەی دیکەش بووەتە خاوەن پێڕەوانی خۆی.

دەقـە پیرۆزەکانی ئەم دینە کە بە «کەلام» ناسراون بە زمانی کوردی نووسراون کە پێڕەوانی تورک زمانی یاری بە زمانی تورکیش وەرگێڕانیان کـردووە و لـە ڕێوڕەسـمی تورکە یارسـانییەکان لەگـەڵ تەممورر بە زمانی تورکی و کوردی دەیخوێنن.

یارسـانەکان لـە زۆر شـوێنی ڕۆژهەڵاتـی ناڤین نیشـتەجێن بەڵام شوێنی ئەسڵی و سەرەکیێ دینی یاری و خەڵکی یارسان ئوستانی کرماشانە.

یارسـانەکان ٢ جێژنـی گـەورەو پیرۆزیان هەیە.

١ــ جێژنی نـەورۆز کە جێژنێکی نەتەوەیی و دێرینی یارسـانەکانە کە لە دەقە پیرۆزەکانی یارسـانیش باسێ لێ کراوە.

٢ــ جێژنی خاوەنکار کە لە خوارەوەدا بە کورتی هێماییەکی بۆ دەکەین.

جێژنـی خاوەنـکار جێژنی دینی یارسانەکانە کە فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەیە. ئـەم جێژنە پاش ٣ ڕۆژ ڕۆژوو گرتـن بەڕێـوە دەچێ کە بە جێژنی خاوەنکار بە ناوبانگە.

ئەو ٣ ڕۆژە لای خەڵکی یارسـان زۆر پیرۆز و بە نرخن چونکە لە باری مێژووییەوە هەر بەو شێوە کە لە درێژەی بابەتەکەدا باسـێ دەکەین دامەزرێنەر و زۆر کەسـایەتی دیکەی یارسـان تووشی کارەسات و دەربەدەری دەبن.

یارسانەکان بەو شێوە نیەتی ٣ ڕۆژ ڕۆژوو گرتن دەکەن:

ئاوم تشارەن قیبلەم پردیوەر/غوسڵی
پاکیم کەرد ج پا تا وە سەر
ئەوەڵم یارەن ئاخـرم یارەن/ئەوەڵ و
ئاخر شای خاوەنکارەن

یارسـانەکانیش وەک خەڵکانـی دیکە شوێنی دینی تایبەت بە خۆیان هەیە وەک چۆن لە ئیسلام مزگەوت هەیـە لـە یارسانیـش پێـێ دەڵێن «جەمخانە»

یارسانەکان ئەو ٣ شەوە لە جەمخانە کۆ دەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی دینی وەک کەلام خوێندن و تەممورر ژەنین و سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی یارسان لە شاهو و داڵەهۆ دەکەن.

مێژووی «ڕۆژووی مەرنەوی» یارسانەکان لەو بڕوایەدان کە سوڵتان سـەحاک لەگەڵ ٣ هاورێ دیکەی خۆی بە نێوەکانی «داوود» بنیامین و «پیر مووسـی» کـە بە «یەری تەن» (واتە ٣ کەس) ناوبانگن دەکەونە بەر هێرشـی خزم و کەسانی خۆیان کە دەیانهەوێ بیانکوژن. سـوڵتان و یارانـی ناچار دەکرێن شـارەزوور لە کوردسـتانی باشـوور بە جێ بهێڵن و بـەرەو کرماشـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان کۆچ بکەن.

لە ڕێگەدا دەچنە نێو ئەشکەوتێک خۆیان حەشـار دەدەن، لـە زاراوەی کرماشـانی بـە ئەشـکەوت دەڵێن «مەر»

ئەو ئەشـکەوتەی کە سـوڵتان و یارانێ خۆیان تێدا حەشـار دەدەن بە «مەر نوو» بە ناوبانگە کە لە سـەر سـنووری ڕۆژهەڵات و باشـووری کوردسـتانە مەرنوو واتە ئەشکەوتی تازە.

پـاش ٣ ڕۆژ کە ئەو هەموو بەڵاو چەرمەسـەریە بە سـەر سـوڵتان و هاورێیانیدا دێ خاتوونێکی یارسانی بە نێوی دایراک کەڵەشـێرێک و ٣ کیلو برنج دەیهێنێ بۆ شوێنی سوڵتان و یارانـی و ئـەوان ڕزگار دەکا لە برسـیەتیەی کە ٣ ڕۆژ بوو تووشی هاتبوون.

ئەو ڕووداوە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە لە چیاکانی کوردسـتان میوەی هەنار پێ دەگا و لە سەردەمی کۆندا هەنار لای خەڵکـی زاگرۆس پیرۆز بووە.

هەر بۆیـە لە جێژنـی خاوەنکار یارسـانەکان زیاتر هەنـار دادەنێن و میوەیەکـی پیرۆزە لـەم جێژنە. لە کۆتاییـدا شـیعرێکی تایبـەت بەم ڕۆژە و ئـەم ئایینە دەخەینە بە دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

یاران مزگانی دەنگێ یار مەیوو
داوات پادشای خاوەنکار مەیوو
١٢ی مانگ لە چلەی زستان
یاران ئامادەن پێی لالە و ئامان
بایەد بەرپا بوو ٣ ڕۆژەی یاری
ڕۆژەیل عەزیز خاوەندکاری
وە ڕازو نیاز وە ئیخلاس پاک
یا داوو قبوول کەی شا سـوڵتان سەحاک
یاران مزگانی جەشن و شادیەن
دڵی یارسان وە مهمانیەن
وە حق سوڵتان زاتێ یادگار
موبارەکتان بوو جەشن خاوەنکار
نیەت و ڕۆژەو ڕازو نیازتان
قبوول وە درگای حەزرەتێ سوڵتان
قبوول بوو وەلای پیر دەفتەردار
نەزرو نیازو ڕۆژەی خاوەنکار

# عەلی خامنەیی و سەودای خیلافەتی ئیسلامی

ناسر مۆرادی

تێکشکان و ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئێستاش سێبەری بە سەر جیهانی ئیسلامدا قورسایی دەکات، تێکشکانێک کە دوایی شوێنەواری سیستەمی خیلافەتی ئیسلامی لە بار برد. ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هێز و هەیمەنەی ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەمریکا ئێستاش بۆ ڕەوتە سیاسی و فکرییە ڕادیکاڵەکانی جیهانی ئیسلام و سەرجەم ئەو هێز و ڕێکخراوە ئیسلامییانەی کە ڕۆژئاوا وەک هێمای شرک و کوفر وێنا دەکەن، پێگەیەکی ستراتێژیکی هەیە، بە شێوەیەک کە مەفهووم و گوتاری نە چەندان شاراوەی خەلافەتی ئیسلامی لە پشتەوەی خۆی حەشار داوە، چەمکێکی سەرەکیی ئەم گوتارە چەسپاندنی بیرۆکەی جیهادە دژ بە جیهانی کوفر لە نێو بیرو هزری لایەنگرانی خۆیدا. گەشەی ڕێژەیی دەسەڵاتی هێزە ئیسلامییەکان لە جیهاندا بە بەراورد لە گەڵ ڕابردوو، هاندەرێکی سەرەکیی بووە بۆ پەرە پێدان بە کار و چالاکییەکانیان.

پاش کۆتایی پێهێنانی خەلافەت لە لایەن کەماڵ ئاتاتۆرکەوە، سەرەتا هێندیەکان کەوتنە بیری بووژانەوەی سیستەمی خەلافەت، بەڵام سەرکەوتنێکیان بە دەست نەهێنا، ئەمە بەو مانایە نەبووە کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، جار و بار ئەم بیرۆکەیە لای ئۆگرانی نەیەتە کایەوە. لەم پێوەندیەدا داعش هێزێکی تازەکارە کە بانگەشەی ئەم بیرۆکەیە دەکات و لە ڕاستیدا ڕکابەری سەرەکییە بۆ کۆماری ئیسلامی، قاعیدە وتاڵبان. ئەگەر چی ناوونیشانی خەلافەت گرێدراوە بە سەلەفییەکان و خوێندنەوەیەکی تیرۆریستیانە لە ئایینی ئیسلام، بەڵام تەعبیری کۆماری ئیسلامی لە خەلافەت، لە سەر بنەمای تەعالیم و بۆچوونی وەلی فەقیە (عەلی خامنەیی) و ڕێبەری پێشووتر واتە خومەینییە و بە جۆرێک خوێندنەوەیەکی سەدە بیستەمیانەیە.

خاڵی جەوهەری خەلافەت لەوەدایە کە شەرعییەت پێدان بە کاروکردەوە وبڕیاراتی حکوومەتی دەبێ بە تەئییدی ڕێبەر بێ، لە یاسای کۆماری ئیسلامی و بەپێوانەی سیاسەت و دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە و هەر وەها لای وەلی فەقیە و دامەزراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی بە تایبەتی سپای پاسداران و سەرجەم هێزە ئایدیۆلۆژیکەکانی، خەلیفە وەها پێگەیەکی هەیە. بەردەنگی کۆماری ئیسلامیش تەنیا ئێرانییەکان ناگرێتەوە بەڵکوو تێکڕای جیهانی ئیسلام لە خۆ دەگرێت و بانگەشە بۆ ڕێبەری کردنی گشت موسوڵمانان دەکات. لەم گۆشەنیگاوە بنەمای بڕیاردان و کۆی کاروکردەوەی حکوومەت، بەرژەوەندی و چوارچێوەیەکی جوگرافیایی تایبەت ناناسێ، بەڵکوو ئەوەی لا گرینگە و ئەوەی مەبەستی سەرەکییەتی هەموارکردنی زەمینە بۆ دامەزرانی حکوومەتێکی واحیدی ئیسلامییە بە ڕێبەری ئیمامی زەمان. لەم ڕاستایەدا عەلی خامنەیی خوازیاری پەرە پێدان بەم بۆچوونە و هەروەها بردنەسەرەوەی ئۆتۆریتەی خۆیەتی لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی. ئەمە کەڵکەڵە و خەونێکی لەمێژینەی عەلی خامنەیی بووە. ئێستاکە خامنەیی لە وڵاتانی عێراق، سوریە و لوبنان خاوەنی ڕادەیەک لە دەسەڵات و نفوزە. سوپای قودس، جامعە المصطفی، ڕێژەیەکی زۆر ناوەندی ئیسلامی و موستەشاری فەرهەنگی و موبەلیغی ئایینی و دەیان دام و دەزگای پێوەندیدار لە دەرەوەی وڵات، ئەرکدار کراون کە پەرە بە دەسەڵات و نفوز و هێژموونی خامنەیی بدەن لە وڵاتانی ئیسلامی و سەرتاسەری جیهان. لە فەلەستین، یەمەن و بەحرەین لە حاڵی دۆزینەوەی پێگەیەکی بە هێزە. لە ساڵانی ڕابردوودا لێکدانەوە و موحاسباتی ناوبراو دەربارەی بەهاری عەرەبی دروست دەرنەهات. لە قۆناغێکیشدا حیسابێکی تایبەتی لە سەر ئیخوانولموسلمین کردەوە بەڵام سەرکەوتنێکی تێدا بەدەست نەهێنا، دوای ئەوەی تورکیەش بە کردەوە وەک ڕکابەرێک هاتە مەیدانەکەوە زۆربەی پلان و بەرنامەکانی ناوبراو شکستی هێنا، بەڵام بەم حاڵەشەوە کۆڵی نەداوە و ئێستاش سەوداسەری خیلافەتی ئیسلامییە ئەم جارە لە ژێر ناوی «بێداری ئیسلامی»، لە چەندین لێدوانیدا، بە شێوەیەکی فەرمی ئەم تەعبیرەی بۆ بەهاری عەرەبی بە کار برد، ئێخوانەکان لە یەکەم دژکردەوەدا ناوبراویان دەمکوت کرد و ڕایانگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک نایانەوێ پەیڕەوی لەو مۆدێلە سیاسییەی ئایەتوڵڵا خومەینی بکەن کە بە سەر ئێرانیدا سەپاندووە.

**(سیاسەتی ئێمە یەکسانە بە دیانەتی ئێمە)**

ئەمە وتەیەکی بە ناوبانگی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی واتە ڕوح اللەخومەینییە، بە زەحمەت دەکرێ جیاوازییەک لە نێوان جیهانبینیی سیاسی و ئایینی عەلی خامنەیی دابنرێ، لێرەوەیە ئەوەی وەک دیانەت و دینداری باوەڕی پێیە و لە مەکتەبی ویلایەتی فەقیهدا تێئۆریزە کراوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو کاروباری سیاسی و ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ستراتێژی و ڕێوشوێنی سیاسی ناوبراو. خامنەیی بە تەبەعیەت لە شەخسی خومەینی، هەمیشە پێی وابووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەتایەکە بۆ حکومەتێکی گشتگیر و بەرفراوان لە جیهانی ئیسلام بە ڕێبەریی ئیمامی زەمان، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی موژدەیەکی خۆشی پێیە بۆ کۆتاییەکی دڵخواز. لە ڕوانگەی ناوبراودا کاروانی بەشەرییەت و ڕەوڕەوەی مێژوو بە هاتنی ئیمامی غایبی شیعەکان سەرئەنجامێکی دڵخۆشکەری بەدوادا دێ. خستنە ڕووی ئەم وێنەیە لە کۆتایی مێژوو دەچێتە خانەی خیلافەتی ئیسلامییەوە. هەر چەند نەریت و پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هیچ ئاماژەیەک بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک نادات، لە خیلافەتیشدا مەرج نییە بۆ دەنگی خەڵک گەڕانەوەیەک هەبێ. لەم گۆشەنیگایەوە مۆدێلی حوکمڕانی ئایەتوڵڵا خومەینی وعەلی خامنەیی، پڕۆژە یان ئارەزووی ژیانەوەی خیلافەتی ئیسلامی وێنا دەکات.

خامنەیی چەمکی خیلافەتی لە چوارچێوەی دێموکراسی ئایینی گەڵاڵە کردووە، لەم بارەوە دەڵێ «ئێمە کە باس لە دێموکراسی دینی دەکەین، قسەیەکی تازەمان پێیە. نەک لە بەر ئەوەی کە لق و پۆپێکمان لە دێموکراسی جیا کردبێتەوە، بەڵکوو لە بەرئەوەیە کە لەم جیهانە پان و بەریندا شک وگومان دەخەینە سەر ئەو دێموکراسیەی کە باوە».

**ئێمە کە باس لە دێموکراسی دینی دەکەین، قسەیەکی تازەمان پێیە. نەک لە بەر ئەوەی کە لق و پۆپێکمان لە دێموکراسی جیا کردبێتەوە، بەڵکوو لە بەرئەوەیە کە لەم جیهانە پان و بەرینەدا شک وگومان دەخەینە سەر ئەو دێموکراسیەی کە باوە**



**خامنەیی بە تەبەعیەت لە شەخسی خومەینی، هەمیشە پێی وابووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەتایەکە بۆ حکومەتێکی گشتگیر و بەرفراوان لە جیهانی ئیسلام بە ڕێبەریی ئیمامی زەمان، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی موژدەیەکی خۆشی پێیە بۆ کۆتاییەکی دڵخواز**

خیلافەت، شێوازی نەریتی دەسەڵاتی تاکەکەسی یان ئیمپراتۆرییە لە قاڵبی شەرعییەتی مەزهەبیدا، مەرج نییە قەوارە و فۆرمێکی تایبەت لە خۆ بگرێ، دەشێ لە هەموو کات و ساتێکدا فۆرمی تایبەت بە خۆی هەبێ، ئەوەی گرینگە ئەمەیە خیلافەت بۆ بەشێکی زۆری موسوڵمانان وەبیرهێنەرەوەی سەردەمە زێڕینەکانی مێژووی ئیسلامە، گەڕاندنەوەی ئەم شکۆ و سەروەرییە کاتێک کە دەگاتە لای کەسێکی وەک عەلی خامنەیی، نە تەنیا هەستێکی نۆستالژیکە بەڵکوو دەبێتە خاڵی جەوهەری لە جیهانبینیی سیاسی و ئایینی ناوبراودا.

---

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ عەلی موتەهەری، کوڕی ئایەتوڵڵا موتەهەری و نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم پاش ئەوەی کە بۆ جاری چوارەم مەجلیس دەنگی «نا»ی بە وەزیری پێشنیارکراوی ڕۆحانی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دا، گوتی: «هێندێك کەس هێشتا پێیان وایە سەعید جەلیلی بۆتە سەرکۆمار».

هەڵبەت خودی ئەم برادەرە کە پێی وایە زۆری لێ حاڵییە، زۆریش لە بابەتەکە حاڵی نییە و ئەویش وەك زۆر کەسی دیکە هێشتا پێی وایە حەسەن ڕۆحانی بۆتە سەرکۆمار. تەنانەت پێی وایە مەجلیسی شۆرای ئاخوندییش پارلەمانە و ئەوانیش پارلەمانتار. لە بیریان چۆتەوە کە لە ژێری چەتری ئیمامەتدا یەکێك ئاغایە و ئەوانی دیکە، ئوممەت و ئۆمی و عەبد و سۆ فیلکەن.

سەرەڕای ئەوەش، نوێنەرانی مەجلیس نەك حیسابی سەرکۆمار، بەڵکو حیسابی پووشێکیش بۆ ڕۆحانی ناکەن. هەڵبەت هەموومان و هەموویانیش باش دەزانین کە دەستەواژەی «سەرکۆماری ئێران» ناوێکی موحتەرەمانە و ئیمرۆییە کە لە کۆماری ئیسلامیدا بۆ «داهۆڵ» یان پیاوە پووشینەی نێو جاڕی تەماتە و کوولەکە دیاری کراوە. سەید موحەممەدی خاتەمی کە بۆ خۆی شای داهۆڵەکان بوو، هەوڵی دا ئەم ناوە بگۆڕیت و بیکاتە «تەداروکاتچیی نیزام»، بەڵام لە بەر ئەوەی کە وشەکەی زۆر قورس و فەلسەفی بوو، ژێری دیپلۆمەکان لێی حاڵی نەدەبوون. هەر بۆیە بڕیار درا ناوی سەرکۆمار وەك خۆی بمێنێتەوە و لە فەرهەنگی عەمیدا لە بەرانبەر «دەستەواژی سەرکۆماری ئێران» بنووسن: «داهۆڵی هەناسەکێش، پیاوە پووشینە، پووتە ژەنگنەی سەر تێڵا کە تەنیا بۆ ترساندنی مەل و ئاژەڵی دەرەکی کەڵکی لێ وەردەگرن و باخەوان و بنەماڵەکەی لێی ناترسن چوونکە دەستکردی خۆیانە و دەزانن هیچ لە باریدا نییە (شایانی باسە کە خوێندەوارانی لە دیپلۆم بەرەوسەر هێشتا پێی دەڵێن تەداروکاتچی)».

ـ جەنابی سەیدعەلی خامنەیی، لە دوایین توویێتی خۆیدا هاوکات لەگەڵ نەرمشی قارەمانانەی ئەتۆمیی خێڵی زەریف لە عوممان (و لەوانەیە هەر بۆ پڕبەرهەم کردنی هەوڵەکانی زەریف کە دەیهەوێ بە دنیا بڵێ ئێمە زەرەرمان بۆ پەز نیە)، دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردووە و پێشنیاری فەرمووە جوولەکە و موسڵمان و مەسیحی پێکەوە لە ڕێفراندۆمێکدا چارەنووسی فەلەستین دیاری بکەن (پێم وابێ جوولەکەکانی بەشداربوو دەبێ یەهوودی نەبن!، مەسیحییەکانیش دەبێ بەڵێن بدەن کە هەرچەند مەسیحین بەڵام ئیسلامیان زیاتر قبووڵە!، موسڵمانەکانیش دەبێ سوننی نەبن. ئەوانەش کە سەر بەم سێ ئایینە نین، لێوانێك ئاوی سارد بخۆنەوە. بەشداربووانی ڕێفراندۆمیش لەوانەیە دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە کە: پێتان خۆشە چی لە جوولەکەکانی ئیسراییل بکەین؟ ئا: بیانکوژین، ب: هەڵیانڕژێنینە نێو دەریای مێدیترانە، ج: هەڵیانڕژێنینە نێو کەنداوی عەرەبی فارسی ئیسلامی، د: بیانکەینە کۆیلەی حەسەن نەسروڵڵا و ئیمام خامنەیی، ه: ئەم خاڵە و هەموو خاڵەکانی پێشوو ـ ٥ نومرە).

ـ موحسنیی ئێژەیی، دادستانی گشتیی ڕێژیم گوتوویە: «لە ئێراندا کەس بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەوانە، دەستبەسەر ناکرێت، بەڵکوو ڕەنگە تاوانێك ئەنجام بدات کە هیچ پێوەندییەکی بە پیشەی خۆیەوە نیە، یان تەنانەت بە هۆی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە تاوانێك ئەنجام بدات».

پێشتریش حەسەن ڕۆحانی و لاریجانی و ئەحمەدی نژاد و کەسانی دیکەش ئەو شەکرەیان شکاندبوو. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە بە باوەڕی باوەڕداران: بۆ نموونە ئێمە لە ئێراندا بەندکراوی یارسان و بەهاییمان نیە چوونکە لە بنەڕەتدا ئایینێك بە ناوی یارسان یان بەهاییمان نیە (کۆمەڵێك شیعەن کە پێیان وایە یارسان و بەهایین)، کەس لە سەر مەسەلەی کورد نەگیراوە چوونکە هەر مەسەلەی کوردمان نیە (کۆمەڵێك عەشایری غەیوورن کە پێیان وایە کوردن). دیکتاتۆری و کوشتنی بەربڵاوی نەیارانمان نیە چوونکە کەس ناوێرێ ببێتە نەیار تا بە شێوەی بەربڵاو بیکوژین، پێویستمان بە سانسۆریش نییە چوونکە خەڵك خودسانسۆری دەکەن. ڕۆژنامەوانی زیندانیکراویشمان نیە چوونکە هەر زیندانمان نیە، ئەوانەش کە لە هۆتێلی ڕەجایی شەهر و ئێڤین میوانن، ڕۆژنامەوانی پیشەی دووەمیانە و بە هۆی ڕۆژنامەوانی نەگیراون. بۆ نموونە، ژیلا بەنی یەعقووب پێش ئەوەی کە ڕۆژنامەوان بێت، ژنە و تاوانی ڕاستەقینەشی هەر ئەوەیە کە ژنە، نەك ڕۆژنامەنووس. یان بەهمەن ئەحمەدی ئەموویی، مێردی ژیلا ئەگەرچی ڕۆژنامەنووسە بەڵام لە بەر ئەوە گیراوە کە مێردی ژیلایە نەك لە بەر ڕۆژنامەوانی. یان عەدنان حەسەنپوور نەك لە بەر ڕۆژنامەنووسی، بەڵکوو لە بەر ئەوە گیراوە کە کوردە و ئەو تاوانەش بۆ سەپاندنی هەموو جۆرە سزایەك بەسە و پێویست ناکات لە بەر ڕۆژنامەوانی بیگرین. ماشەڵڵا ئەو هەموو ڕۆژنامەنووسە لە ئێراندا ئازادن و کەسیش کاری بە سەریانەوە نیە، بۆ نموونە حوسەین شەریعەتمەداری کە چیی پێ خۆش بێت دەینووسێ و کەسیش نایگرێ چوونکە تەنیا ڕۆژنامە دەنووسێ و کاری دیکە ناکات. ئیمامی ڕاحل جوانی فەرمووە کە: ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕۆژنامەنووس بێت، ڕۆژنامەنووسێك کە ڕۆژنامەنووس نەبێ، ڕۆژنامەنووس نیە».

# بژاردەکوژی لە ژێر سێبەری ڕێژیمی ئێراندا

شەهاب خالیدی

لە نێو ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕوو دەدەن، ئەوا کەسانی بژاردەی وڵاتن کە وڵات بەرەو لووتکەی پێشکەوتن لە بوارەکانی زانست و تکنۆلۆژی و باشترکردنی بوارە سیاسی، ئابووری و ڕەوشەنبیری و ...هتد ڕێنوێنی دەکەن. بەڵام لە بەر ئەوەی کە کەسانی بژاردە، خاوەنی هزر و بیری سەربەخۆ و لە هەمان کاتیشدا قووڵ و زانستین و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان ناتوانن بە ئاسانی ئەو کەسانە بکەن بە گوێڕایەڵی خۆیان، هەر بۆیەش دەسەڵاتداران بە تیرۆری کەسایەتیەکەیان و دوورخستنەوەیان بۆ شوێنی دووردەست، ناچاریان دەکەن کە ماڵ و حاڵی خۆیان و وڵاتەکەیان بە جێ بهێڵن.

هەرچەند کە بژاردەکوژی لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە واتە لە سەردەمی قەجارەکان و پاشاکانی پەهلەوییەوە تا ئێستا هەبووە، بەڵام دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن خۆمەینییەوە (کە تا بەر لە شۆڕشیش بۆ ئازادیی زیندانییە سیاسیەکانی سەردەمی شا دوعای دەکرد و هەروەها دەیگوت کە نابێ لە دەسەڵاتی نوێدا ڕووحانیەکان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن)، بۆ خۆی بوو بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی و بوو بە جێگری ئیمامی زەمان و پۆستە هەرە کلیدییەکانی دایە دەست ئەو ڕووحانیانەی کە لە بیر و هزر و ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیە زیاتر هیچیان قبووڵ نە بوو.



دواتریش هەر ئەو ڕووحانیانە بە بڕیاری ڕێبەرەکەیان بە هەزاران بژاردەی وڵاتیان کە لە دژی دیکتاتۆریی شا خەباتیان کردبوو و خوێنیان بەخشیبوو و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تاك لە بڕیارداندا شۆڕشیان کردبوو، لە ژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگی»دا لە زانستگەکان دەرکرد و زۆربەیان، یان پەڕیوەی هەندەران بوون، یان ئەوەی کە گیران و لە کونجی بەندیخانەکاندا ڕاگیران.

ئیتر لەو کاتەوە دژایەتی لەگەڵ بژاردەکانی وڵات، ئەوانەی کە دەیانویست وڵاتەکەیان لە بوارەکانی زانست، ئابووری، سیاسی و ...هتد بەرەو لووتکەی پێشکەوتن ببەن، بەڵام تەنیا ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهیان قبووڵ نەبوو، بوو بە سیاسەتێکی نەگۆڕ بۆ ڕاگرتنی ئەو نیزامە سەرەڕۆیە و تا ئێستاش ئەو سیاسەتە بەردەوامە.

هەر بۆیەش بە هۆی ئەو سیاسەتە نادروستەی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان بەرەو دەرەوە ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە کە کەسێکی وەك حەسەن حوسەینی جێگری بونیاتی نەتەوەیی بژاردەکان ڕادەگەیەنێ کە ٣٠٨ وەرگری خەڵاتی ئولەمپیاد و ٣٥٠ کەس لە سەرکەوتووانی تاقیکردنەوە سەراسەرییەکان لە ساڵی ١٣٨٢-١٣٨٦ بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتوون. هەروەها سندووقی نێونەتەوەیی دراویش، لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوی کردبوو، ڕایگەیاندوە کە لە نێو وڵاتانی بەرەو گەشەکردندا، ئێران لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندەکەدا جێ دەگرێ، چوونکە ساڵێ ١٥٠ هەزار خوێندکار ڕوو لە دەرەوە دەکەن و لە ئاکامدا ٥٠ ملیارد دۆلار خەسار بە وڵات دەگەیەنێ.

ئەمە بە باشی نیشان دەدا کە بژاردەکانی وڵاتەکەمان بە هۆی نەبوونی ئازادی، دادپەروەری و بێکاری کە هەر هەمووی ئاکامی سیاسەتە هەڵەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێرانن، وڵات بە جێ دەهێڵن. لە کاتێکدا کە کەسانی بژاردە لە وڵاتانی دەرەکیدا خاوەنی ڕێز و حورمەتی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەن و لە ڕێوڕەسمی جۆراوجۆردا خەڵات دەکرێن و ئەمەش دەبێتە هاندەریان بۆ ئەوەی کە لە دڵەوە خزمەتی ئەو وڵاتە بکەن، چونکە بەم شێوەیە دەرفەتی کارکردن و خزمەتکردنی وڵاتیان بۆ دەڕەخسێنن.

بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕواڵەتدا وا پێشان دەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا دادپەروەری، مافی مرۆڤ، ئازادی و دێموکراسیی ڕاستەقینە هەیەو ئەوانەی کە وڵات بە جێ دەهێڵن سیخۆری وڵاتانی ڕۆژئاواییین. هەر لەو پێوەندییەدا ئەحمەدی نژاد لە کاتی سەرکۆمارییەکەیدا سەرەڕای هەبوونی سەرژمێریی جۆراوجۆر ڕایگەیاند کە لە ئێراندا دیاردەیەك بە ناوی هەڵاتنی مێشکەکان بوونی نیە. هەروەها کامران دانشجو وەزیری علوومی دەوڵەتی ئەحمەدی نژادیش ڕایگەیاند کە دیاردەیەکی وا لەم وڵاتەدا بوونی نیە و ئەمە ڕاگەیەنە گشتیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییین کە لە دژی ئێمە پڕوپاگەندە دەکەن.

ئێمە هیوادارین کە ڕۆژێك بژاردەکانی وڵاتی ئێمە بگەڕێنەوە وڵات و ئەم جارە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی دادپەروەر و دێموکراتیکدا وڵاتەکەیان بەرەو لووتکەی پێشکەوتن لە هەموو بوارەکان و بە تایبەتی لە بواری زانستدا ڕێنوێنی بکەن، چونکە وڵاتی ئێمە و خەڵکی زانست دۆستی ئێمە شایانی ئەو پێشکەوتنەن.

# دەباغ، نوێنەری هەرێمی کوردستان یان سپای قودسی پاسداران؟

کوردستان

ماوەیەکە هێرشێکی ناڕەوا بۆ سەر بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و جوان نیشاندانی ڕووخساری ڕێژیمی دژەمرۆیی ئێران بۆتە ڕۆژەڤی کاری هەندێك ڕاگەیاندن و ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارانی ناسراوی باشووری کوردستان. لەم نێوانەدا ڕەنگە ناوی نازم عومەر دەباغ، نوێنەری ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری پێشووی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاران زیاتر لە کەسانی دیکە لە سەر زمان بێت و وتەکانی ئەو لەم پێوەندییەدا زیاتر لە کەسانی دیکە هەڵای نابێتەوە.

بەڕێز دەباغ و سیاسەتڤانانی هاوشێوەی، سەرەڕای بەشداریی ڕاستەوخۆ و لەمێژینەی خۆیان لە ڕیزی خەباتی ڕزگاریخوازانەی باشووری کوردستان و ئاگاداربوون لە ڕەوایی و نێوەڕۆکی خەباتی پڕشانازیی خەڵکی کوردستانی ئێران لە دژی ڕێژیمی دژەمرۆیی زاڵ بە سەر ئێراندا کە بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دژ بە ستەمی نەتەوەیی و داگیرکاریی دوژمنانی ئەم نەتەوەیە، بە شێوەیەکی بێ باکانە هەوڵی بە پێچەوانە نیشاندانی ڕاستییەکان بە قازانجی ڕێژیم دژەکوردی ئێران و دژ بە بزووتنەوە و خەڵکی مافویست و خەباتگێڕی کوردستانی ئێران دەدات. ئەوەیکە قازانجی تاکەکەسی یان بەرژەوەندیی حکوومەتێك کە بە ڕواڵەت بەڕێزیانی وەك نوێنەری خۆی لە تاران دیاری کردووە، لەم پێداهەڵگووتنە ناپێویستانە بۆ کۆماری ئیسلامی و بۆچوونە بێ بنەما و نادۆستانەکانی ئەو لە دژی بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات چییە، باسێکە کە بە هیچ کوێ ناگات و ئەوەندەی کە دەزانین، پێداهەڵگووتنەکانی ناوبراو بۆ کاربەدەستانی نیزامی دژەکوردی تاران ناتوانێ کاریگەرییەکی لە باشترکردنی تێڕوانینی داگیرکارانە و دەستوەردەرانەی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر هەرێمی کوردستاندا هەبێت و لێرەدایە کە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو لە دەربڕینی وەها قسەگەلێك دەبێتە جێی گۆمان.

بەڕێز نازم دەباغ لە نوێترین وتووێژی خۆیدا لەگەڵ بڵاوکراوەی» همشهری جوان» سەر لە نوێ پەرژاوەتە سەر دەربڕینی وەها قسەگەلێك کە لەم بابەتەدا بەشێك لە قسەکانی ناوبراو و شیکردنەوەیەك لەم پێوەندییەدا دەخەینە ڕوو.

کاکڵی بنەڕەتی و سەرنجڕاکێشی ئەم وتووێژە نیو کاتژمێرییە، پێداهەڵگوتنی سەرنجڕاکێشی ئەو بە باڵای پاسدار قاسم سولێمانی، سەرکردەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی قودسی سپای پاسدارانە کە ئەرکی ئەو ڕێکخراوە لە کۆماری ئیسلامیدا، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکە لە ڕێگەی ڕاهێنان، پڕچەککردن و هەناردنی گرووپە تێرۆریستییەکان بۆ دەرەوەی ئێران بووە و ناوی سولێمانی وەك تێرۆریستێك لە سەرانسەری جیهان وەبیرهێنەری جینایەت و کوشتارە. دەباغ لە قسەکانی خۆیدا لە قاسم سولێمانی کەسایەتییەکی بەڕەحم و ویژدان، مرۆڤدۆست، قارەمانێکی ڕاستبێژ و ڕاستکردار، خاکەڕا، خەڵکی و دڵسۆزی نەتەوەی کورد دروست دەکا. بەڕێز دەباغ هەر لە دەستپێکی قسەکانیدا، ئاستی نیشتمانپەروەریی خۆی بەم بەراوردە نەگونجاوەوە دەر دەخات کە ڕوو لە وتووێژکارە ئێر ا نییە کە دەڵێ: «ئێمە کوردستانمان هەیە، ئێوە سولێمانی». ڕوون نییە کە دەبێ ئەو سەیە بە واتای ئەوپەڕی ڕێزی کاك نازم بۆ پاسدار سولێمانی شرۆڤە بکەین، یان نیشانەدری ڕێژەی ڕق و قینی لە کوردستان؟ کە لە هەر دوو حاڵەتدا ئاکامەکەی زۆر تاڵ و خراپە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، بەڕێز دەباغ دەڵێت:» ئێمە هەر کات لێرە گرفتێکمان هەبێ و بمانهەوێ لەگەڵ وەزیر یان تەنانەت سەرکۆمار چاوپێکەوتن بکەین، تەنیا لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانین بە خێرایی بە ئامانجەکەمان بگەین... و ئەگەر ئەو بزانێت کە بابەتێکی پێویستە، دەستبەجێ هەلی چاوپێکەوتنەکەمان بۆ دەڕەخسێنێ».

ئەم قسەیە پێش ئەوەی نیشاندەری لێوەشاوەیی پاسدار سولێمانی بێت، دەربڕی لاوازیی بەڕێز دەباغ و نوێنەرایەتیی هەرێم لە ئێرانە کە لێکدانەوەی پێویستییەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆی سپاردۆتە دەستی ئەم فەرماندەیەی سپای پاسداران و هەر بە پێی ئەم وتەیە، ئەوە قاسم سولێمانییە کە دیاری دەکات بەڕێز دەباغ یان هاوکارانی ئەو چ کاتێك و لە پێوەندی لەگەڵ چ بابەتێکدا بچنە خزمەتی کام بەرپرسی ڕێژیمی ئێران.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە درێژەدا هاوکات لەگەڵ سووکایەتی کردن بە حیزبە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ئێران و ناو هێنانی ئەوان وەکوو « تەشکیلات» دەڵێت: «ئێمە لەگەڵ ئێران و هەموو کوردەکاندا ڕێك کەوتین کە نە ئەوان لە سنوورەکانی ئێمەوە هێرش بۆ سەر ئێران بکەن و نە ئێرانیش خاکی ئێمە بەکار بهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر ئەوان. بەشداریی بەڕێز سولێمانی وەك نوێنەری ئێران بوو بە هۆی ئەوەیکە ئەم ڕێککەوتنە سەر بگرێت. ئەگەر سەداقەتێك لە کاردا نەبێت، بە هاوێشتنی نارنجۆکێك لە دەفتەری ئەم دوو تەشکیلاتە( حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە) هەموو ڕێککەوتنەکان تێك دەچێ و بە مەرحەمەتی سیاسەتی ئێرانییەکانە کە ئەوە ڕوو نادات».

ئەگەر ئەم قسەیەی بەڕێز دەباغ ڕاست بێ کە ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بە ڕووداوێکی بچووك یان پلێتۆکێکی سولێمانی تێك دەچێ و حکوومەتی هەرێم و دەزگا ئەمنیەتی، سیاسی و سەربازییەکانی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکیان لەم پێوەندییەدا نییە، ئەوە هەڵگری واتایەکی زۆر مەترسیدارە، چوونکە دەکرێ بڵێین مومکین نیە ڕێژیمی ئێران بتوانێ بە ئاسانی شوێنێك تێك بدات و لە کاتی پێویستدا ئەو کارە نەکات، مەگەر ئەوەیکە ئەو ناوچەیە بەشێك بێ لە گۆرەپانی ڕمبازێنی سپای پاسداران یان موستەعمەرەی ڕێژیمی ئێران بێت. لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە بەڕێز دەباغ لە بیری چووبێت، بەڵام هەر ئەم حیزبانە یان بە وتەی ناوبراو « تەشکیلات» ڕابردووی

**ئەم شێوە بۆچوونانەی کەسانێکی وەک نازم دەباغ، مرۆڤ تووشی گۆمان دەکا کە بەڕاستی ناوبراو نوێنەری هەرێمی کوردستان لە ئێرانە یان وتەبێژ و نوێنەری سپای قودس لە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان؟**

خەباتێکی خوێناوی و دەیان جار بە چۆکدا هێنانی کەسانێکی گرینگتر لە ئوستوورەی ئاواتەکانی ناوبراویان لە هەمبانەی خۆیاندا هەیە و ئەگەر ئێستا خەباتی ڕەوای چەکدارانەی خۆیان بە شێوەی کاتی ڕاگرتووە، تەنیا لە بەر پاراستنی دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد و سەقامگیربوونی حکوومەتێك بووە کە کەسایەتیی حوقووقیی نوێنەرێکی سیاسیی بە بەڕێزیان داوە. ئەگەر قاسم سولێمانی بە وتەی ناوبراو بە هاوێشتنی نارنجۆکێك دەتوانێ هەموو شتێك تێك بدات، بزووتنەوەی کوردستانی ئێرانیش ئەگەر تێڕوانینێکی هاوشێوەی بەڕێز دەباغ و هاوبیرانیانی بۆ سیاسەت هەبووبایە، دەیتوانی بە قوربانیکردنی دەسکەوتەکان و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران لە قاسم سولێمانییەکان پاك بکاتەوە. بۆیە بە پێچەوانەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی ناوبراو، ئاسایش و سەقامگیریی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان نەك «لە بەر کەرەم و لوتفی ئێرانییەکان»، بەڵکوو لە سێبەری خەباتی خوێناویی حیزبەکان و خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستانە کە لەم نێوانەدا، هەڵوێستی بەرپرسیارانە و لەخۆبوردوویی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی بەرچاو و مێژوویی هەبووە و حاشاکردن لەوەها هەقیقەتێك لە لایەن هەر کەس یان لایەنێکەوە تەنیا نیشانەی نائەمەگناسیی ئەو کەس و لایەنەیە.

ئەم شێوە بۆچوونانەی کەسانێکی وەك نازم دەباغ، مرۆڤ تووشی گۆمان دەکا کە بەڕاستی ناوبراو نوێنەری هەرێمی کوردستان لە ئێرانە یان وتەبێژ و نوێنەری سپای قودس لە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان؟ وتەکانی ناوبراو سووکایەتییەکی ڕوون بەرانبەر بە حەوت دەیە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانە کە هەستی نەتەوەیی خەڵکی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بریندار دەکات، هەر چەند کە ناوبراو هەر لەم وتووێژەدا بە ڕوونی دەڵێت:» ڕەنگە هەندێك لە کوردەکان بە خوێندنەوەی قسەکانی من بڵێن، دەباغ بووەتە نوێنەری سولێمانی، بەڵام (قسەکانی ئەوان) بۆ من هیچ گرینگ نییە».

هیوادارین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر ئەم لێدوانانەی نوێنەری خۆی لە ئێران بە بۆچوون و سیاسەتی فەرمیی خۆی نازانێت، وەڵامێکی شیاو بەم بۆچوونە هەڵانەی بەڕێز دەباغ بداتەوە و بەڕێز دەباغیش بە چاوخشاندنەوەیەك بە ڕابردوو و مێژووی پڕ لە شانازیی نەتەوەی کورد و تەنانەت حیزبەکەی خۆیدا، لەشکرێك لە قارەمانانی ئوستوورەیی بدۆزێتەوە کە سەدان جار کەسانی وەك قاسم سولێمانی لە بەرامبەر ئیرادە و ورەی پۆڵایینیان بەچۆکدا هاتوون، خەباتگێڕانێك کە لە سەنگەرەکانی حەماسە و شەرەفدا گیانیان دا تا ئەمڕۆ هەڵگرانی پەیامی کوردستان، هەرگیز بێشەی شێرانی کوردستان بە چۆڵەوانییەك نەزانن کە شانازی بەوەوە دەکات ببێتە «نەزرگای چەقەڵەکانی بێگانە».



# بۆ کۆبانێ



دەی قەڵەم، چاومی دەست بزوێنە
بێخەمی نووستوو، لە خەو هەستێنە
بێژە زووبن! چ دەمی وەستانە؟
کاتی ڕابوون و لە دژ ڕاسانە
کامە خاوەن ئەمەگە، نەیزانێ
خوێن لە جەستەی دەڕژێ کۆبانێ
کیژ و لاوی نەبەزی ئەو دەڤەرە
گیان فیدان، دەرسی شەرەفیان لە بەرە
بانگ ئەکەن، قەومی برینداری کورد
تێکدرا بەست و سنووری دەسکرد
وا شەڕی ئێمە لە گۆمی خوێنا
خێری یەکگرتنی بۆ کورد هێنا
ئێستە پێشمەرگە لە ڕۆژئاوایە
جەژنی یەک بوونە، لە ڕێگا دایە
هەر بینا هاتە مەبەست ئاواتمان
ڕوو لە ئاسۆگەیە ڕۆژی هاتمان

ئەنوەر سولتان پەنا

## ئاوێزە



● شەریف فەلاح

شەریف فەلاح، شاعیر، وەرگێڕ و لێکۆڵەری ئەدەبی، لەدایك بووی ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی گوندی «گەزنە»ی سەر بە چەمشاری سنەیە.

لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوییەوە بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەولەوی سنە و شێعر و بابەتی ئەدەبی لە گۆڤاری سروە و زریبار و گۆڤارە خوێندکارییەکان و حەفتەنامەکانی: ئاویەر و سیروان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بۆتەوە.

لە ساڵی ١٣٨١ لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە و ماوەی ١٠ ساڵ و نیو پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە و ئەزموونی زیاتر لە دە ساڵ کارکردن لە ڕادیۆی دەنگی کورستان ئێران و ڕاگەیەنەکانی دیکەی حیزبی هەیە.

ماوەی دە ساڵی بەردەوامە بە شێوەیەکی جیدی کاری وەرگێڕان لە زمانی فارسیەوە بۆ سەر زمانی کوردی دەکا و هەتا ئێستا ئەم کتێبانەی وەرگێڕاوەو نووسیوە:

١ ـ لەبارەی ئەدەبیات و هونەرەوە ، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٩ پڕۆژەی کتێبی هەنار.

٢ - ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی یەکەم: زمان و ئەدەبی زارەکی ساڵی چاپ ٢٠١٢ی زایینی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٣ - ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەرگی دووەم (لێکۆڵینەوە دیداری ئەدەبی لەبارەی شێعری هاوچەرخی ڕۆژهەڵات) ساڵی چاپ ٢٠١٣ی زایینی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٤ – بەرگی سێیەمی ئەم پڕۆژە کە لەبارەی «پێگەی چیرۆك و ڕۆمان»ە لە ڕۆژهەڵات لەژێر چاپ دایە و بەردەوام کار لەسەر دوو بەرگی دیکەشی دەکات.

٥. چەند تێرامانێك لە حکوومەتی هەڵبژێردراو (ئامادەی چاپە).

٦ ـ حیکایەتەکانی ئەو ساڵانە (چیرۆك ـ عەلی ئەشرەف دەروێشیان).

٧. ژیانێکی‌تر کورتە چیرۆکی ئیتالیایی (ئەلبێرتۆ موراڤیا) ئامادەی چاپ.

٨ ـ مێژووی نەورۆزو کرۆنۆلۆژیای ئێران (مێژوویی) ساڵی چاپ ٢٠١٣ دەزگای موکریانی.

- کۆکردنەوەی دوو بەیتی فۆلکلۆریکی ڕەسەنی کوردی بە ناوی ( عەزیز و کوبرا و وەنەوش و بەڕەزا) بە هاوبەشی لەگەڵ حەسەن سەلیمی، ساڵی چاپ ٢٠١٣ ئەنستیتۆی کەلەپۆری کورد لە سلێمانی.

– جادەکان دەگەنە دەریا، کۆمەڵە شیعر ئامادەی چاپ.

– ماڵاوا ئیمپراتۆری شیعر، کۆمەڵە وتار و پەیام بە بۆنەی کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس ساڵی چاپ ٢٠١٣ دەزگای ڕۆشنبیریی جەماڵ عیرفان.

– وەرگێرانی ڕۆمانی «نەشتەرگەی شێت» ساڵی چاپ ٢٠١٣ دەزای چاپ و بڵاو کردنەوەی چوارچرا

– وەرگێرانی ڕۆمانی «دزیی ئەدەبی» ئامادەی چاپ.

– ئامادەکردنی کتێبی «دیالۆگی مانشت و پەڕاو» لەبارەی ناسنامە و زمان و ئەدەبی کوردی لە دوو هەرێمی ئیلام و کرماشان.

-»کەشکۆڵی بەند و باو و بەیتی فۆلکلۆری کوردی» ئامادەکردن و کۆکردنەوە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوسەری ژینم «سووسەن کەنعانی»، ئامادەی چاپ.

– ئامادەکردنی کتێبی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی پرۆسە و ڕەوتە شیعرییەکانی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆدیداری ئەدەبی.

– بۆ ماوەی دوو ساڵە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی وەك لێپرسراوی لاپەڕە و هەڵەبڕ کاری زمانەوانی دەکات.

- وێبلاگ و ئیمەیلی تایبەتی:

blogfa.com.www.jwan١٣٨٧
sheriffelah@gmail.com



# سووکایەتی بە مامۆستا حەسەن زیرەک، سووکایەتییە بە هونەری ڕەسەنی کوردی

ئەرخەوان



شەوی هەینی تەلەویزیۆنی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد لە کردەوەیەکی ئامانجدار و ئاژاوەگێڕانەدا، ڕاپرسییەکی بەڕێوە بردووە کە تێیدا داوا لە بەردەنگەکانی ئەم تەلەویزیۆنە کراوە کە دیاری بکەن لە نێوان موحسێن یەگانە(گۆرانیبێژی لاوی فارس) مورتەزا پاشایی (گۆرانیبێژی کۆچکردووی فارس) و مامۆستا حەسەن زیرەك کامیانیان زیاتر خۆش دەوێ. ئەم ڕاپرسییە کە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە لەکاتێکدایە کە ماوەیەکە بە شێوەی گشتی شەپۆلێکی سووکایەتی کردن بە نەتەوە و خەباتگێڕانی کورد بووەتە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و لە چەند مانگی ڕابردوودا دوو فیلمی «چ» و «شور شیرین» دەرخەری ئەو سیاسەتە سیستماتیکەی کۆماری ئیسلامی بوون. ئەم ڕاپرسییەش هەر دەچێتە خانەی ئەو سیاسەتە و ڕێژیمی ئێران لە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە کردەوانەدا دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکێ کە دەکرێ بە کورتی هێمایان بۆ بکەین.

یەکەم سووکایەتی بە کەسایەتی و هونەرمەندە نەتەوەییەکانی کورد، هێنانە ڕیزی حەسەن زیرەك لەگەڵ دوو گۆرانیبێژی لاو وەك بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان ڕایان گەیاندووە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و ئەگەر بڕیار بێ ڕاپرسییەك بەڕێوە بچێ دەبێ حەسەن زیرەك لەگەڵ هونەرمەندگەلێکی وەکوو سەید ئەسغەر کوردستانی و عەلی مەردان و هونەرمەندانی لەو چەشنە بەراوەرد بکرێ و ئەمە تەنیا دابەزاندنی پێگەی حەسەن زیرەك لە نێو دونیای هونەری ڕەسەنی کوردیدایە.

دووهەم نانەوەی تۆی ئاژاوەگێڕی و ناوچەگەرایی لە نێو شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کۆماری ئیسلامی بەم کارە دەیهەوێ کە خەڵکی شۆڕشگێڕی مەهاباد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە بکاتە دژبەری یەك و خەڵکی کوردستان بە ناوچەگراییەوە سەرقاڵ بکا بەڵام وەك دەبینین خەڵکی کوردستان هەر زۆر زوو لەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی گەیشتوون و لەم پێوەندییەدا چەندین هونەرمەندی خەڵکیی، ڕاوبۆچوونی خۆیان لە ماڵپەڕی ڕووداو دەربڕیوە کە بە کورتی باسیان لێوە دەکەین.

ئەرسەلان کامکار (ژەنیار و گۆرانیبێژ) بە نوێنەرایەتی لە بنەماڵەی کامکار: «ئەو ڕاپرسییە کارێکی هەڵەیە و ئێمە وەك بنەماڵەی کامکار شەرمەزاری دەکەین، ئەو ڕاپرسییە نەتەنیا بێ ڕێزییە بە مامۆستا حەسەن زیرەك و هونەری کورد، بەڵکوو بێ ڕێزییە بە گەلی کورد».

مەزهەر خالقی (گۆرانیبێژ): «من پێم وایە پرسیارەکە بێ ناوەڕۆك بووە، ئەو کەسەی ئەو پرسیارەی دارشتووە نازانێت حەسەن زیرەك چەندە گەورەیە، پرسیارەکە بە تەواوی بێ مانا بووە و دارشتنی ئەو پرسیارە یا لە ڕووی قین یا لە ڕووی نەزانییەوە بووە».

حەیدەر کاکی (گۆرانیبێژ و ژەنیار): «ئەو ڕاپرسییە کارێکی نەشیاو بووە، مامۆستا حەسەن زیرەك پێشەنگی فەرهەنگی کوردە و بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵسەنگێندرێت، ئەو کارە مەبەستی سیاسی لە پشتە و ئەوەش بێ ڕێزی بە گەلی کورد و هونەری دەوڵەمەندییەتی».

فەردین لاهور پور (ژەنیار): «ئەو ڕاپرسییە بە تەواوی هەڵەیە و ئەوە بێ ڕێزی کردنە بە نەتەوەی کورد و هونەری دەوڵەمەندی، ئەو کەسانە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هونەرمەندانی کورد هەڵناسەنگێندرێن».

حوسەین شەریفی (گۆرانیبێژ): «ئەو ڕاپرسییە کارێکی هەڵە و نەشیاوە و بێ ڕێزییە بە گەلی کوردستان و هونەری دەوڵەمەندی، حەسەن زیرەك سیمبولی دەنگی ڕەسەنی کوردە و لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵناسەنگێندرێت».

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 641 ▪ 23 Nov 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# ئێسنۆدنیش جەخت واتس ئەپ لە سەر ئەمنیەتی دەکاتەوە



ئەمنیەتی ئەپلیکەیشـــێنی واتس ئەپ حەوتووی ڕابردوو بـــەرز کرایەوە و لە ڕۆژی سێشـــەممەی حەوتووی ڕابردوو کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لەم ئەپەدا پەیامە نێردراوەکان لـــە ڕێگەی واتـــس ئەپ بە سیســـتمی (end-to-end) ووشـــەی نهێنی بۆ دانراوە. ئەمە بەو مانایەکە تەنیا هەنێنەر و وەرگر دەتوانن پەیامەکان بخوێننەوە و واتس ئەپیش ناتوانێ ووشـــە نهێنییەکانیان بکاتەوە. واتـــس ئەپ ئەم بەرزکردنەوە ئەمنیەتییەی بـــە هاوکاری لەگـــەڵ ”open whisper systems“(ووشەکانی نهێنی دەقی کراوە) ئەنجام داوە.

خاڵی گرینـــگ ئەوەیە کـــە تەنیا بـــۆ بەکارهێنەرانی ئەندرۆید دەتوانن لە سیستمی ئەمنیەتی نوێ کەڵك وەربگرن و بە شێوازی ئۆتۆماتیکی ئەکتیڤ بووە. ڕەنگە پروتوکولی ووشەی نهێنی کۆمپانیای ”open whisper systems“ لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ سیســـتمەکانی دیکەیش وەك ios کەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

واتـــس ئەپ ٦٠٠ میلیـــۆن بەکارهێنەری چالاکی هەیە و لـــە فێوریەی ڕابـــردووەوە لە لایەن فەیـــس بووك کڕدرا. بەڵام کۆمپانیـــای ”open whisper systems“چەندین ئەپلیکەیشـــێنی زۆر ئەمنـــی وەك ”textsecure“ بـــۆ ئەندرۆیـــد، ”redphone“ بـــۆ پێوەندییـــە ئەمنەکانـــی ئەندرۆید و ”signal“ بۆ پێوەندیەکانی ios خستووەتە ڕوو. ئەپلیکەیشـــنگەلێك کە تەنانەت ئێســـنۆدێن ئەوانەی بەکار هێناوە و جەختی لە سەر کردووەتەوە.

# کاریگەرییەکانی کەڵک وەرگرتن لە مۆبایل لە سەر مۆغەرەکانی مل



ئەمرۆکە هاوڕێی سەرەکی و باشترین کەرەستەی خۆخافلاندن بـــۆ لاوەکان، تەلەفوونە زیرەکەکانـــن. لێکۆلینەوەیەکی نوێ نیشـــانی داوە کە کەڵکوەرگرتن لە مۆبایل کاریگەری نەرێنی دادەنێ لە سەر مۆغەرەکانی مل و بڕبڕەی پشت.

بە پێی توێژینەوەیەکی نوێی نەشتەرگەرێکی ئامریکایی لە شاری نیۆیۆرك، کەڵك وەرگرتن لە مۆبایل لە تەنیشت ئەو کاریگەرییە خراپانەی دیکە کە هەیەتی، لە سەر مۆغەرەکانی مل و بڕبڕەی پشتی مرۆڤ کاریگەرییەکی خراپ دادەنێ.

هۆکارەکەیشـــی ئەوەیە کە بەکارهێنەر ســـەری خۆی بۆ ڕوانینی شاشەی موبایلەکەی نەوی دەکات. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەیکە گوشـــار لەســـەر مۆغەرەکانی مل زیاد ببێ. ئـــەم لێکۆڵینـــەوە نوێیە لە بڵاوکراوەی زانســـتی surgical technology international بڵاو کراوەتەوە.

# ئاماری حەشیمەتی لاوی جیهان بێ وێنەیە



یەك میلیارد و هەشـــت ســـەد میلیۆن کەس لە دانیشـــتوانی گۆی زەوی، لـــە نێـــوان ١٠ تا ٢٤ ســـاڵ تەمەنیـــان هەیە.

بەرپرسانی سەندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـــووەکان دەڵێن، ئەم ئامارە چارەئەندێشـــیی سیاسی و ئابووری نوێی دەوێت.

«لە مێژووی مرۆڤدا هیـــچ کات ئەم ڕێژە لاوە بوونـــی نەبووە» ئەمـــە ڕاکێت گیلمـــۆر، جێگری بەڕێوەبـــەری ســـەندووقی حەشـــیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە هێما بە یەك میلیارد و هەشـــت ســـەد میلیۆن کەســـە کە دەڵێت کە لە نێوان ١٠ تا ٢٤ ساڵ تەمەنیان هەیە. حەشیمەتی گشتی جیهان بە پێی دوایین ئامار لە ساڵی ٢٠١٣ لە حەوت میلیارد و ١١٦ میلیۆن کەس تێپەڕیوە.

# بە فیرۆدانی کات لە ئینترنێتدا، وانەیەکی نوێی زانستگایی

زانستگای پنســـیلوانیا حەوتووی ڕابردوو ڕایگەیاند کە ساڵی داهاتوو وانەیەکی دەرسی لە ژێر ناوی «بەفیرۆدانی کات لـــە ئینترنێتـــدا» دەخرێتـــە ڕوو، خولێك کـــە بڕیارە توێژینەوەیـــەك بێت بـــۆ کاریگەریی ڕاســـتەقینەی تۆڕە ئینترنتییەکاندا لەسەر ئەو کەسانەی وێبگەردی دەکەن و بێ ئامانج لە نێتدا دەگەڕێن.

بە وتەی ڕۆژنامەی «گاردین» ئەم پرسیارە کە کاتژمێرە درێژەکانی گەڕان لە ئینترنتی مرۆڤی ئەمڕۆ، بۆ لێهاتووی ئەو بەکەڵکە یان بێ کەڵك و یان بێ کاریگەری، ئەوەندە نوێیە کە هێشتا وەڵامێکی ورد و زانستی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

بـــە ڕواڵەت هەر بەم هۆیە زانســـتگای پنســـیلوانیا لە بەرنامەی فێرکاری خۆیدا یەکەیەکی دەرسیی جێکردووەتەوە کە لـــەودا داوا لە خوێندکاران دەکرێ لە ســـەر «گەڕانی بێ ئامانج لە ئینترنێت بـــە مەبەســـتی خوخافڵانـــدن و خوێندنـــەوەی پانتایەکـــی زۆر لـــە کارە ئەدەبیەکان» چڕ ببنەوە.

ئەم زانســـتگایە لە پێناســـەی «گەڕانی بێ ئامانج لە ئینترنتـــدا» ڕوونی کردووەتەوە کە خوێندکارەکان دەبێ «لە ژوورەکانی چـــەت، ڕۆباتە ئینترنتیەکان، ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێریســـتە ئیمیلییەکان» لەم یەکە نوێیە دەرسیەدا کەڵك وەربگرن.



## زایەڵە

### ئێران بەردەوامە لە گەمە کردن

**فاتیح ساڵحی**

دانووســـتانە ناوکییەکانـــی کۆمـــاری ئیســـلامی و وڵاتانـــی ڕۆژئاوایی بە وتەی گەورە بەرپرســـانی ڕۆژئاوایـــی و تەنانەت ئێرانییش گەیشـــتووەتە دوا ڕۆژەکانی خۆی و پـــاش دیاریکردنـــی مۆڵەتێکـــی شـــەش مانگـــە و درێژکردنـــەوەی مۆڵەتەکە بۆ یەك ســـاڵ لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی سەرەتایی بۆ گەیشـــتن بە ڕێککەوتنی هەمە لایەنە و کۆتایی، ئێســـتا لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریـــش بەردەوامە و بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لـــە نێـــو کۆبوونەوەکە درزیـــان کردووەتە دەرێ، وێناچـــێ کـــە ئـــەم دوا مۆڵەتـــەش بتوانـــێ کێشـــەکانی نێوان ئێـــران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا بە تەواوی چارەســـەر بکات و دەنگـــۆی درێژکردنەوەی وتووێژەکان هەتا مانگی مارسی ساڵی داهاتوو، زەقترین دەسکەوتێکە کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەم خولە لە دانووســـتانەکانیش لە کۆتاییدا لە تریبۆنی فەرمیی دانووستانەکانەوە بڵاو بکرێتەوە.

بـــەڵام درێژ کردنـــەوەی ئـــەم وتووێژانە بەدڵنیاییەوە یەکێك لە دەســـکەوتەکانی وڵاتی ئێران و کاربەدەستانی ئەم وڵاتەیە بۆ ئەوەیکە بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە بەم دانووســـتانانە بدەن تا لە وێستگەی دیکەی کۆبوونەوەکاندا بتوانن بە هەندێ دەسکەوتی دیکەی ناوکییەوە بڕۆنە سەر مێزی وتووێژەکان و گەڕانەوەیان بۆ دواوە تۆزێك ئەستەم بێت. بەڵام پرسیارێ کە لێـــرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە گەلۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایـــی و لـــە ســـەرووی هەموویانەوە ئەمریکا جارێکی دیکە ڕازیی دەبن کە ماوەی وتووێژەکان بۆ کاتێکی دیکە درێژ بکەنەوە؟

لـــە ڕوانگەی یەکەمدا ئـــەم کارە ڕەنگە بتوانـــێ بـــۆ ماوەیەکـــی دیکـــە پێـــش بە بەرەوپێشـــچوونی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران بگرێـــت، بەڵام هـــەروەك چۆن لـــە ڕۆژانی ڕابردوودا لـــە هەواڵەکان باس کـــرا کە ئێران هاوکات لەگـــەڵ ئەوەیکە بەڵێنـــی دابوو لە ماوەی ئەو یەك ســـاڵەی کـــە ڕێککەوتنی سەرەتایی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی کردبوو، واز لە پەرەپێدانی بەرنامە ناوکییەکانی بێنێ، خەریکی کڕیـــن و دابینکردنی کەرەســـتەی پێویســـت بۆ پرۆگرامـــە ناوکییەکانی بووە، بەدڵنیاییـــەوە ئەمجارەش لـــەم دەرەفەتە کەڵك وەردەگرێ تا هاوکات لەگەڵ ئەگەری ئازاد بوونـــی بڕێکی دیکە لە پارە بلۆکە کراوەکانی لـــە بانکـــە جیهانییەکانـــدا، هەنگاوەکانی بۆ گەیشـــتن بە خاڵێکی بـــێ گەڕانەوە لە پرۆگرامـــە ناوکییەکانیدا درێژە بدات و هیچ دوور نییە لە ئەگەری کەمتەرخەمیی وڵاتانی ڕۆژئاوایـــی و ئەمریکا، ئـــەم وڵاتە لە چەند مانگی داهاتوودا ببێتە خاوەن چەکی ناوکی و ئیدی ئەمە خاڵێکی بێ گەڕانەوە بێت بۆ ئێران و مەترســـییەکی جیددی بێت بۆ ســـەر ئاسایش و تەناهی نێونەتەوەیی.

هەرچەند بە گۆڕینی پێکهاتەی ســـێنای ئەمریکا و باڵادەســـتی کۆماریخـــوازەکان لە کۆنگرەی ئەمریکا و ئـــەو ناکۆکییانەی کە ئێســـتا کۆماریخـــوازەکان لەگـــەڵ ئۆبامادا هەیانە، دووریش نییە کـــە ئەمریکا چیدیکە ڕازیی نەبێت کە ماوەی وتووێژەکان بۆ کاتێکی دیکە درێژ بکاتەوە، چونکوو باش دەزانێ کە دیسان هەمان ئاشە و هەمان کاسە.

ڕەنگیشـــە ئەم خولە لە دانووســـتانەکان وێســـتگەیەك بێت کە گوشارە نێونەتەوەییەکان بۆ ســـەر ئێران توندتر ببنـــەوە یان ئەوەیکە بە ســـەرکەوتوو بوونی پلانی ئێـــران وتووێژەکان بۆ کاتێکی دیکـــە دوا بخرێن و لەم ڕێگایەوە ئێران بتوانـــێ هەندێ لە بـــاری ئابووری و گوشـــاری نێونەتەوەییەوە پشوو بدات. بە هەر شێوە درێژ کردنەوەی وتووێژەکان جگە لەوەیکە بە قازانجـــی کۆماری ئیســـلامییە ناتوانێ ئامانجەکانـــی وڵاتانـــی ڕۆژئاوایی لەمەڕ دەستپێڕانەگەیشـــتنی ئێران بە چەکی ناوکی بپێکێ.